# کۆمەڵگەی کوردەواری

## ئاوڕێک بۆ رابردوو رامانێک لە ئێستا و داهاتوو

نوسینی
ئیبراهیم میکه عه‌لی
ئه‌رده‌ڵانی

**ناساندنی کتێب...**

* ناو: کۆمەڵگەی کوردەوەریی.

* نووسینی: ئیبراهیم میکە عەلی.

* ساڵی چاپ: ٢٠١١.

* تیراژ: ٥٠٠ دانە.

* نۆبەی چاپ: یەکەم.

* بابەت: لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی.

* ژمارەی سپاردن: ژمارە (٢٤) ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.

## به ناوی خواوەندی گەورەی میهرەبان

## پێشکەش

## ئەم چەند دێڕە سادە و ساکارە پێشکەشە بە

- هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد کە مەبەستی بێت کۆمەڵگەی کوردەواریی وەك کۆمەڵگەیەکی ئاسودە و پێشکەوتوو و پێکەوتن خواز بژی و گەلەکەشی لە ئامێزی ئەم کۆمەڵگەیەدا بحەوێتەوە و ئاهێکی بەبەردا بێتەوە .
- بە هەموو مرۆڤێکی ڕۆشنبیری ئاشتیی خواز، کە ئاسودەیی خۆی لە ئاسودەیی دەوروبەریدا ببینێتەوە و بە نیگەرانیی دەوروبەریشی نیگەران بێت .
- بەگیانی پاکی میر ( شەرەفخانی بەدلیسیی) و خاتوو ( ماە شەرەفخانم) مەستوورەی کوردستانیی و هەموو ئەو مێژوو نووس و نوسەرانەی کە نوکی خامەکانیان کردۆتە ڕمێکی بە بڕشت و بەو ڕمە ، دەروازەی ڕاستیەکانیان لە شێواندنو بەتاڵان بردن پاراستووە و دەیپارێزن.
- بەو کەسەش کە لە ژیاندا لەسەر هەق و ڕاستی پایەدارە و لە پێناو ئامانجەکەیدا ماندوو نابێت و کۆڵ نادات .

## وتەی بەرایی...

نووسین و دوان لە بارەی پێکهاتە و دۆخی ئێستا و ڕیشە و ڕەچەڵەك و زمان و ئەدەب و نەریتی کورد و سنووری نەتەوەیی کوردستانەوە، لەبەر ئەوەی کە ئاسۆی مەوداکەی زۆر ڕوون نیە، باسێکە هەڵدەگرێ لە بارەیەوە بگوترێ و لەسەری بنوسرێ .

پێم وایە هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد کە کەوتە گڕوگاڵی نووسین و سەرقاڵ بوون تێیدا، خێرا هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە گەل و نەتەوە و خاکەکەی وای لێ دەکات، ئەویش هەوڵ بدات بەردێك بخاتە سەر مەڵۆ و هیممەتێك بە خەرج بدات لە پێناو دۆزینەوە و دەست خستنەوەی ژیار و مێژوو و ڕابردووی کەلتووری نەتەوەکەی، ئەم هەست و پاڵنەرە دەروونییەش لەم سێ خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ:

١. هەموو گەل و نەتەوەکانی دەوروبەر لەسەر بناغەی ( نەتەوە) قەوارەیەکیان پێك هێناوە و لەو پێگەوە دژایەتیی نەتەوەکانی دەورووبەری خۆیان دەکەن و کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە پیلانە جیهانیی و حەزە ناوچەییەکان لە هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەیدان و وەك پاروویەکی چەور هەریەکە بە نیازی خۆی قەپێکی لێ پچڕیوە و لە گەروویدا گیراوە و لە ترسی دراوسێکانیدا نەوەك لێی بفڕێنن، نە دەوێرێت بیتفێنتەوە و نە بۆشی قووت دەدرێت ، بەم حاڵەش کورد و کوردستان لە گەرووی ناحەزاندا گیریان خواردووە و ڕۆڵەکانی بە مەبەستی دەربازبوون لەو حاڵەتە نائاساییە لە هەر زەمانێکی دیاری کراودا بە زمانی ئەو

سەردەمە و لە هەر زەمینێکدا بە پێی کەشی ئەو زەمینەیە، هەوڵی خۆدەربازکردن و خۆ بونیاد نانەوە دەدەن.

٢. مافی ڕەوای هەر گەل و نەتەوە و زمان و هۆزێك و تەنانەت بنەماڵە و تاکە کەسێکیشە کە داکۆکیی و بەرگریی لە پاراستنی کەسایەتیی و ڕەچەڵەك و بنج و بنەوان و بنەچەی خۆی و هەوڵی دەستەبەر کردنی مافە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و فەرهەنگیی و کەلتووریی... تاد. خۆی بدات و لەو ڕوانگەیەشەوە کە زۆربەی هەرەزۆری گەلەکەمان موسوڵمان و پەیڕەوی ئاینی ئیسلامین، کە سەرنجی ئایەتەکانی قورئان و گوتەکانی پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) دەدەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاینی ئیسلام و خوا و پێغەمبەرەکەشی ئەو مافەیان نەك هەر بە تەنها گەلی کورد، بەڵکو بە سەرجەم گەل و نەتەوە و هۆزەکان ڕەوا بینیوە و بوونی ئەو نەتەوانە و ئەو زمانە جۆراوجۆر و ئەو داب و نەریتە هەمەچەشنانە، کردارێکی گردکاری باڵادەستە و بە فەرمانی ئەو هاتوونەتە گۆڕێ و هەرکەس، نەك هەر خەبات نەکات لە پێناو دەستەبەرکردنیدا، بەڵکو گەر کەمتەرخەمییش بکات لە پاراستنیاندا، تاوانبار دەبێت، ئیتر لەوێوە مەپرسە بۆ سزای ئەو کەسەش کە هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنیان بدات وەك دەفەرموێت : ﴿**وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ**﴾ **الروم/٢٢**.

هەروەها دەفەرمویت : ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ **الحجرات/١٣.**

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە دەردەکەوێت کە مرۆڤایەتی لە بنج و بنەواندا یەکن‌و خوای بالآدەست بە ویستی خۆی کردوونی بە چەند نەتەوە و تیرە و هۆز و چەند زمانێکی پێ بەخشیوون و بەڕێزترینتان پارێزگارترینیانە و هەر کەسێکیش سوکایەتی بە یەکێ لەو دیاردانە بکات سوکایەتی بە یادگارێکی خوا دەکات.

هەروەها لە پێغەمبەری خوداوە گێڕدراوەتەوە کە لە جەنگی (حونەین) دا گوویەتی : "**أنا النبي لا كذب أنا ابن عبد المطلب** " کە ئەویش شانازیی کردنێکی شەرعییە بە بنەماڵە و بنەچەی خۆیەوە و لەوێوە دەکرێت هەموو کەس و بنەماڵە و نەتەوەوهۆزێك ڕەچەڵەکی خۆی بناسێ و بەبێ خۆهەڵکێشان بەسەر کەسی کەدا ، شانازیی پێوە بکات و باسیشی لێوە بکات، تا ئەو جێگەی کە سنووری ئاسایی خۆیەتی، بەڵام کە سنووری خۆی بەزاند و ڕووی لە سنووری کەسانی تر و هۆز و نەتەوەی ترنا ئەوکات بیگومان نەك هەر دروست نییە، بەڵکو پێویستە بەرگریی لێ بکرێت و ڕێگەی پێ نەدرێت.

٣. لە هەستی خۆ بە مەزڵوم و ستەم لێ کراویەوە، هەستی ڕۆشنبیری کورد دەبزوێ و کاتێك دەست بۆ کتێبخانە درێژ دەکات و ڕوو لە مۆزەخانە دەکات، دەبینێ گەر خاڵییش نەبن لە باس و خواسی مێژوو و کەلتور و فەرهەنگی نەتەوەی کورد، ئەوا زۆر بە کەم و کورتیی و

ناتەواویی لێوەی دواون و سەرچاوەیەکی تێر و تەسەلیش لەبەر دەستا نی یە.

خۆ ئەگەر مێژووی کورد بە تەواوەتی بنوسرایەتەوە و کەلتور و کەلەپورەکەی بپارێزرایە، ئەوا بێگومان ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و خاوەن خامە و فەرمانڕەوای کورد، ئەو کات ئەرکیان پەرەپێدان و گەشە پێکردن و زیاتر ناساندنی ئەو مێژوو و کەلتوور و کەلەپوورەوە دەبوو بە جیهان و مرۆڤایەتیی بە گشتیی.

بەو پێیە بە ڕای من ئەو سێ فاکتەر و هۆکارە زۆر کاریگەرن لەسەر ڕۆشنبیری کورد و دەبنە هۆی بزواندنی ناخی و لە ئاکامدا دەکەوێتە بیری گەڕان بە دووی ڕەچەڵەك و بنەچە و ڕابردووی خۆی و باب و باپیرانیدا .

بەندەش وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد هەر هەمان هۆکار و لە هەمان سۆنگەوە بیرم بزوا، تا لە ئاکامدا ئەم چەند دێڕە کاڵ و کرچەی بەر دەستی خوێنەری لێ کەوتەوە و ئومێد دەخوازم ورووژاندنی ئەم بیرۆکەیە و جارێکی تر خستنەوە ڕووی لە سەکۆی سیاسەت و جیهانی ڕۆشنبیریدا ببێتە مایەی ئەوەی کە کاربەدەستان و سیاسەت مەداران لە پێش هەمووانەوە ڕێگە بۆ کەسانی پسپۆڕ و بە هیممەتی دڵسۆزی نەتەوە پەروەری کورد، ئاسان بکەن و ئەم گرێ کوێرەیە لە مێژووی گەلەکەماندا واڵا بکەن و مێژوویەکی سەراپاگیری نەتەوە و خاکی کوردان بنووسنەوە و کار بۆ توێژەر و لێکۆڵەرەوەکان ئاسان بکەن، تاکو زیاتر لە بارەی کۆمەڵگەی کوردییەوە لێکۆڵینەوە بکرێت و گەشە بە توانا و لێوەشاوەیی

و لێهاتنەکانی تاکی کورد بدرێت و لە بەرژەوەندی خۆی و گەلانی دیکەشدا بخرێتە گەڕ.

ئومێد وایە لەلایەن گەل و نەتەوەکانی دەوروبەرمانەوە ئەم گرنگی پێدانە بە ڕەگەز پەرستیی لە قەڵەم نەدرێت و ئەگەریش ئەوان ئەمجارەش ئەو هەڵە مێژوویەیان لێ کەوتەوە، خۆمان لەلایەن خۆمانەوە بزانین بە مانای نەتەوە پەرستیی نییە، بە ڵکو بە مانای نەتەوە پەروەرییە و بزانین کە مافێکی پێ ڕەوا بینراوی خۆمانە، نەك بۆ رکە بەریی کردن و دژایەتیی کردنی هیچ کەس و نەتەوەیەکی تر لە نەتەوەکانی دوور و نزیکمان، بەڵکو لەسەر بنەمای قورئانی: ﴿**وجَعَلناكم شُعُوباً وَقَبَائل لتَعارفوا**﴾ ەوە هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ یەکتردا.

نووسەر

# پێکهاتە و دۆخی کۆمەڵگەی کوردەواریی

ئەگەر بمانەوێ باس لە کۆمەڵگەی کوردەواریی لە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بکەین، ئەوا پێ ڕاناگەین لە بابەت، یان لە کتێبێکدا قسەی لەسەر بکەین و لە بارەیەوە بنووسین.

بۆیە پێویست دەکات ڕەهەندەکان پۆلێن بکەین و دەستنیشانیان بکەین کە دەمانەوێت لە کامە ڕەهەندی کۆمەڵگەی کوردەواریی بدوێین؟ بێگومان کۆمەڵگە بە گشتیی و هی کوردەواری بە تایبەتی، ڕەهەند و بوعدی جۆراوجۆری وەك (ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی، ئاینیی، فکریی، سیاسیی، فەرهەنگیی، جوگرافیی، زمانەوانیی، دیمۆگرافیی... تاد) هەیە،بۆیە لێرەدا، تەنها قسە بەوردیی لەسەر باری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دەکەین و بەسەربوردێکی خێراش سەر دەکێشین بۆ ڕووە ئاینیی و جوگرافییەکەی.

بۆ ئەوەی وێنەی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەی کوردەواریی‌و حوکمی درووست لە بارەی دۆز و کێشە و قەیرانەکانیەوە بدەین و لێکۆڵینەوەکانمان لەو بارەوە ڕاست دەربچن، پێویستە بابەتیانە بچینە ناو باسەکەوە .

وەك هەنگاوێکی سەرەتاش بۆ ئەو لێکۆڵینەوە بابەتییە و ڕاستیی قسەکە، هەموو لێکۆڵەرەوە و زاناکان هاودەنگن لەسەر ئەوە کە، ئێستا و واقعی هەر کۆمەڵگەیەك دەرهاویشتەی ڕووداوەکانی ڕابردوویەتی" بۆیە هەر کات دەمانەوێت لە داکەوت و واقع بکۆڵینەوە، پێویستە لە پێشدا لەو هۆکار و فاکتەرانە بکۆڵینەوە کە لە ئاکامیدا ئەم هەل و مەرج و واقعە هاتۆتە گۆڕێ.

بۆیە وەك بنەمایەکی زانستیی و دەسپێکێکی بنەڕەتیی بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە و دۆخ و واقعی کۆمەڵگەی کوردەواریی، پێویستە لە پێشدا لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە کاریگەر بوون لەسەر ڕابردووی ئەم کۆمەڵگەیە و بەرەو ئەم ئاقارە پاڵیان پێوە ناوە.

بۆیە سەرەتا لە هۆکارەکانەوە دەست پێ دەکەین کە هەردەم وەك لەمپەرێکی زیندوو لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردەوارییدا ڕۆڵیان گێڕاوە و هەرکات ناحەزێك ویستبێتی گورز لە کورد و کۆمەڵگەکەی بوەشێنێت لە ڕێگەی ئەو هۆکارانەوە، زۆرکات بە ئاواتی ناحەزانەی خۆی گەیشتوە و هەندێ جاریش بە هۆی وریایی سەرکردە سیاسیەکانەوە لەو پیلانانە بە ڕووی ناحەزان خۆیاندا شکاونەتەوە و دووچاری شکست و نائومێدیی بوون، بۆیە دەتوانین ئەو دابەشبوونەی کە (لە ڕووی شێوەزار و زمان و، لە ڕووی جوگرافیا و، لە ڕووی ئاینەوە) زاڵە بەسەر کورد و کۆمەڵگە و خاکەکەیدا، لە بری ئەوەی خاڵی هێز بێت بۆی، زۆر کات و لە زۆر بواردا بووەتە خاڵی لاوازیی و هۆکاری لێك دابڕان و کەرت و پەرت بوون، نموونەی ئەو دابەش بوونانەش.

## ـ لە ڕووی باری کۆمەڵایەتییەوە:

کورد و کۆمەڵگەی کوردەواریی لە باری کۆمەڵایەتیەوە وێڕای تێکەڵ بوونی چەند نەتەوەیەکی دی لەگەڵیدا، لە نێوخۆی خۆشیدا دابەشە بەسەر چەند خێڵ و هۆز و بنەماڵە و چین و توێژی جۆراوجۆردا، وەك خوا لێخۆشبوو( محمد مەردۆخی کوردستانیی) (١) باسی لێوە دەکات، گەلی کورد نزیکەی (٥٠٠) هۆز و تیرە و بەشە و بە کوردستان و دەوروبەریدا

بلاو بوونەتەوە * کە زۆرجار لەبەر سەرەتایی بوونی کۆمەڵگە و نزمی ئاستی فکریی و ڕۆشنبیریی ئەو خێڵ و هۆزانە و حەزی نەخۆشی هەندێ لەو چین‌و توێژانە، (٢) دوژمانان توانیویانە زەفەر بە کورد و کۆمەڵگە و میرنشین و تەنانەت فەرمانڕەوا و حکومەتەکانی کورد ببەن و، وەك خۆرکەی ناوخۆ سوود لەو توخمانە وەرگرن و جەستەی زامداری کورد زیاتر کلۆڵ و خامۆشتر بکەن.

## ـ لە ڕووی زمان و شێوەزارەکانەوە:

کۆمەڵگەی کورد و شێوازی ئاخاوتنی دابەشە بەسەر ژمارەیەك شێوە زاری تا ئەندازەیەك دوور لەیەکی وەك (کرمانجی ژورروو و خواروو، هەورامی ، لوڕ، کەلهوڕ) یاخود وەك (محمد مەردۆخی کوردستانی) دەنوسێت، (٣) زمانی کوردیی ئەمڕۆ لە چوار شێوە زمان پێك دێت (کرمانجی ژورروو و خواروو، گۆران *، لوڕ، کەلهوڕ) کە هەریەك لەم شێوەزارانە نەك تەنها کۆمەڵێك لە مرۆڤی کورد پێی دەدوێ، بەڵکو هەر یەکەیان سنورێکی جوگرافیی دیاریی کراویشیان هەیە و خەریکە بڵێم لە زۆربەی ئەو ناوچانەشدا وەك دەرهاویشتەیەك بەهۆی ئاو و هەوا و جوگرافیاکەیەوە، هەر ناوچەیەك خاوەنی کۆمەڵێك دابونەریت و خووی

* شیخ محمد مردوخ کردستانی - تاریخ کرد وکردستان و (توابع).

* بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئاخۆ بەکارهێنانی وشەی (هەورامیی) ڕاستە یاخود بەکارهێنانی وشەی (گۆران)، لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا بابەتێکمان داناوە کە لە ژمارە (٤٣) ی ساڵی دووەمی ڕۆژنامەی ئاویەردا بە سەربەخۆیی بە ناونیشانی: وشەی گۆران و کرماشان لە ڕوانگەی زمانناسیەوە بلاوکراوکراوەتەوە.

سەربەخۆیە و ئەم باوو نەریتانەش نەك تەنها سنوری ماڵ و ئاگردان و دیوەخانەکانیان گرتووەتەوە، بەڵکو ناوەندە گشتی و بازاڕ و پۆشاك و قیافەشیانی گرتۆتەوە و وای کردووە خاوەنانی هەر یەك لەو شێوە زارانە ببێتە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆی، بەڵام هەموویان شانازی بە کورد بوونی خۆیانەوە دەکەن و خاوەنی دەیان کەسایەتیی ڕۆشنبیریی و زانستیی و ئەدەبین و زۆربەشیان بە شێوەزاری خۆیان نوسیویانە و دەنووسن و دەدوێن، ئەم حاڵەتەش وای کردووە کە تائێستا زمانی نووسین و ئەدەبیاتی کوردیی، یەك نییە و هەرچەندە هەوڵی زۆر دراوە بەڵام لەبەر ئەوەی هەر شێوەزارە و بە ئیعتیبارێك، ئەوەی خۆی بە شیاوتر دەزانێ (هەمووشیان قسە و بۆچوونی جوانیان لایە) بۆ نموونە: : کرمانجەکانی ژوروو بە حوکمی زۆررینەی ژمارەیان وایان پێ باشە زۆرینە ڕەچاو بکرێت و کرمانجی ژوروو بکرێتە زمانی ئەدەبیات، کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانیی) یش دەڵێن : ڕاستە کرمانجی ژوروو زۆربەی کورد پێی دەدوێ، بەڵام سۆرانیی بۆ نووسین ڕەوانترە و لە ڕووی تێکەڵ نەبوونیەوە بە زمانی بێگانە پاکترە، چوونکە ئەو ناوچەیەی کە سۆرانیەکانی تێدا دەژین ناوجەرگەی خاکی کوردانە و پارێزراو ترە لە شێوەزارەکانی تر، هەورامی یان گۆران، ئەوانیش بۆ خۆیان بە حوکمی ڕەسەنایەتیی و دێرینیی و خاوەن پێشینەی مێژوویی شێوەزار و ناوچەکەیان، هەر لە سەردەمی زەردەشت و ئاینەکانەوە، کە تێکستەکانی ئەو ئاینە بە زمانی هەورامی بوون ئەو دەسەڵاتە تەشریعیەی کە ناوی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە (نەوەدونۆپیرەو هەورامان) هاتووە و ناوچەکەش لە دێرین زەمانەوە ئاوەدان بووە، لەبەر ئەمانە وا هاتووە کە

شێوەزاری هەورامی خاوەنی ڕێزمانێکی وورد و زانستیانەی ئـەوتۆبێت کـە بنـــەما گشـــتییەکانی زمانـــەوانیی تێدایـــە و کـــەمترین وشـــەی زمانـــە بێگانەکانی تێکەڵ بووە، بۆیە ئەمانیش خۆیان بۆ خۆیان نووسـینیان هەیـە و بەکاریشی دەهێنن، بەڵام نەبیستراوە داوای فراوانـدن کـردن و گشـتاندنی بکەن، لوڕەکانیش بە هەمان شێوە خاوەنی ئـەدەبیات و زمـانی خۆیـانن و نووسـینی سەربەخۆشـیان هەیـە ، بـەڵام لەبـەر چـەند هۆکـارێکی دەرەکـی ئەمان کەمتر ئەو ئیدعایەیان هەیە.

ئەمەی کە ڕابوورد هەمووی بە جێی خـۆی، بـەڵام واقـع پیشـانی داوە کـە شێوە زاری سۆرانیی موکریی تا ئێستاکە بەکارهێنراوە و سەرکەوتوو بـووە و بـەلای زۆرێکـەوە لـەبارترینی نـاو شـێوازارەکانە، لـە دونیـای واقعیشـدا زۆربەی نووسین و سەرچاوە مێژوویی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کە تـا ئێسـتا دەردەچـن زۆربـەیان ئـەم شـێوەزارە پەیڕەودەکـەن و سـەرکەوتووش بـووە، شـایەنی گوتنـە کـە دامەزرانـدنی کۆمـاری مـەهاباد و پـەیڕەوکردنی ئـەم شـێوەزارە لـە ئـەدەبیاتی کۆمـاردا، کاریگـەر و پاڵنـەرێکی بەرچـاو بـوو، گوڕێکی گەورەی بە شێوەزاری سۆرانیی دا. زور جار ئەم مەسەلەیە کاتێك ئاڵۆز دەبێت کە باس لە یەکخسـتنی زمـانی نووسـینی کـوردیی دەکرێـت، ئەویش بەهۆی ئەوەوە، کە پەیڕەوانی شـێوازەکانی تـر وای لـێ تێدەگـەن، یاخود وا تێدەگەیەنرێن کە پەیڕەو کردنی یەك شێوەزار لەنووسیندا، واتای سڕینەوە و لەبار بردنی ئـەوانی تـر دەگەیـەنێت، بـەڵام ئەمـە هەڵەیەکـە و دەبـێ هـەم لـە بـیری ڕۆشـنبیران و هـەم لـە بـیری خـەڵکی ئاساییشـدا بسڕدرێتەوە و ئەگەر هاتو کورد توانی ئەو زمانـە سەرتاسـەریە بهێنێتـە

کایـەوە، ڕێگـە خـۆش دەکـات بـۆ پاراسـتنی شـێوەزارەکانی تـر، تـا وەك چاوگەیەکی زمانەوانی هەردەم، زمانە سەرانسەریەکە دەوڵەمەنـد بکـەن و کێشە زمانەوانیەکان بە پشـتیوانیی ئـەو شـێوەزارانە بـەلادا بخـرێن و وەك سەرجەم گەلانی دونیا، لادێکانی کوردستانیش ڕۆڵی سەرچاوەی بێگەردی زمانەکـەی خۆیـان بگێـڕن و هـۆز و خـێڵ و ناوچـەکانیش پارێزگـاریی لـە شێوەزاری دایکانەی خۆیان بکەن.

**ـ لە ڕووی جوگرافییەوە:**

کوردستان چەندین زنجیرە چیای هەڵەت و سەخت بوونەتە هۆی لەیـەك دابڕینی پارچەکانی، بە شێوازێك کە پەیوەندیی زەمینیی سـەخت و دژوارە لە نێوان هەندێ لە ناوچەکانیدا، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا.

**ـ لە رووی ئاینیەوە:**

هەریـەك لـە ئاینـەکانی (ئیسـلام، فەلـە، جـو، یەزیـدی، کاکـەیی، زەردەشتیی و هی تریش) پەیڕەوی خۆیان هەیە لە نێو کورداندا، بەڵام ئـەم حاڵەتە وای نەکردووە بـاری ئاسایشـی کۆمەڵگـە تێـك بچێت، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە دەتوانین بە یەکێك لەو خالآنـەی لـە قەڵـەم بـدەین کـە کـورد و کۆمەڵگەی کوردەواریی شـــانازیی پێـوە دەکـــەن و لەگـەڵ ئـەوەدا کـــە نزیکـەی (٩٣-٩٥٪) ی کـورد پـەیڕەوی ئـاینی ئیسـلامن، تـا ئێسـتاش پەیڕەوانی ئاینانەکانی دیکە وێڕای کەمی ڕێـژەیان و پەڕاگەنـدەیی شـوێنی نیشـتەجێبوونیان، نەبیسـتراوە، کێشـە و گرفتێکـی لـەو چەشـنە لـە هـیچ ناوچەیەك لە ناوچـەکانی کوردسـتاندا ڕووی دابێـت، مەگـەر وەك کێشـە و گرفت و ڕووداوی ئاسایی ناو کۆمەل کـە پـەیڕەوانی یـەکێك لـەو ئایینانـە

وەك هاولاّتیی دووچاری گرفت و کێشەیەك هاتبن، جگە لە چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی کە لەو دواییانەوە لە دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دران ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەم دابەش بوونە ڕۆڵی خۆی لە زۆر تێکەڵ نەبوون و پێکەوە شێلرانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بینیوە، ئەمەش کاتێك هەستی پێ کراوە کە کورد لە پێناو دۆز و داوا ڕەواکەیدا و کوردستانیش وەك ولاّتێکی داگیرکراو ڕوبەڕووی کێشە و گرفتێك هاتبێت، هەندێك لە پەیڕەوانی ئەم ئاینانە یان خۆیان یان لەلایەن داگیرکەر و دەستە دەرەکیەکانەوە خۆیان لە هاوکێشەکان تێنەگەیاندووە * هەندێ جار لەگەڵ نەهامەتیەکانی کۆمەڵگەکەیاندا نەژیاون و حسابی جیاجیایان لەسەر بناغەی ئاینەکەیان

---

* لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا و پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەستی ( مۆدروس) بۆ چارەسەرکردنی لایەنێکی جەنگەکە، ئینگلیز پلانی دانابوو کە لە نێوان موصلّ و خلیجی فارسدا دەولّەتێکی عەرەبی پێك بێنێ.

واتە: عێراقی ئێستاکێ، لە ژێر دەستی ئینگلیزدا بێ و ناوێکی واشی لێ بنێ کە نەلّێن: موستەعمەرەیە و موستەعمەرەش بێت، بۆ ئەم مەبەستە ( انتداب) ی بۆ دۆزرایەوە!

ئابەم جۆرە ویلایەتێك و پارچەیەك لە دەولّەتی عوسمانیی ژێرکەوتووی بێ هێز، دابڕا و بڕیاردرا (شەریف حوسەین) کە پێشووتر والی مەککە بوو، بکەنە پادشای ئەو پارچە. وەزارەتی هیند لە لەندەن ناردیە لای حاکمی عەسکەریی ئینگلیز کە لە خەلّکی ولاّتەکە پرسیار بکات ئاخۆ دەولّەتی عەرەبی تازە ئیجاد پەسەند دەکەن؟ ئەمیری عەرەبیان دەوێ؟ کێیان بە ئەمیر گەرەکە؟ ئەفسەرە ڕاسپێرراوەکە لە ئەنجامدا وەلاّمی پرسیارەکانی وا دایەوە:

١. هەموو خەلّك حەز دەکەن ئینگلیز چاودێرییان بکات، تا بۆخۆیان یەکجاری لەخەم دەرەخسێن .

٢. مەسیحیەکان: بە کلدان و کاتۆلیکەوە ڕاستەوخۆ ئینگلیزیان دەوێ.

٣. کوردی یەزیدیی سنجاریی نایانەوێ فەرمانەدیان موسولّمان بێ.

٤. کوردەکانیش کە نیوەی خەلّکی ناوچەکەن، حوکمایەتی عەرەبیان ناوێ.

{شەرەفنامە لاپەڕە (١٤٠) ی پێشەکی}

بۆ کراوە، ئەمەش سیاسەتێکی شۆڤێنیانەی داگیرکەرانی کوردستانە و لەسەر بناغەی (پەرت کە و زاڵ بە) یاخود بنەمای (مێش کێشەیان دەناو کەوێ پیاو دەتوانێ کەمێ بخەوێ) هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم حاڵەتە کردووە، چونکە پەیڕەوانی هەموو ئەو ئاینانەی کە لە کوردستاندا دەژین هەموویان بە نەتەوە و زمان، کوردن و دابەشن بەسەر ناوچە و شێوەزارەکانی کوردستاندا وبەشێکن لە کورد و کۆمەڵگەکەی و نیشانەی دێرینی و ڕەسەنایەتیی مێژووەکەیان لەم خاکەدا کە نێوی کوردستانە و بەلانەی دلێران لە مێژوودا ناسراوە.

## باری سیاسی و ڕامیاریی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری

### ـ لە ڕووی سیاسیشەوە:

کوردستان لەبەر ئەو زوڵم و ستەمە لەڕادە بەدەرەی کە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە دابەش کراوە بەسەریاندا لێی کراوە، بەمەبەستی خۆدەربازکردن لەو بارە نائارام و دژوارەی کە تێی کەوتووە، چەندین ڕێکخراو و حزبی سیاسیی جۆراجۆری تێدا دروست بووە و دوژمنانی کورد تەنانەت لە دروست کردنی هەندێك لەو حزبانەشدا کاریگەریی چەوتی خۆیان نواندووە و فاکتەرێکی نەرێنیی و نەگەتیڤ بوون بۆ سەرهەڵدانی ژمارەیەك دەستەو حزب، کە بە مەبەستی لاوازکردنی حزبە خەباتکار و کاریگەرەکان وەدییان دەهێنن و بە نهێنیش دنەیان دەدەن و هەندێ جار پشتگیریشیان لێ دەکەن دژ بە یەکتر، کە ئەمەش زۆرجار تەنها بە دابەش بوونەوە نەوەستاوە، بەڵکو سەری کێشاوە بۆ شەڕی براکوژیی و شەڕی ناوخۆ... تاد.

ئەو هۆکارانەو لە سەروو هەمووشیانەوە نەبوونی دەوڵەتێکی سەراپاگیر: (کە بتوانێت سەرانسەری خاك و کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە) هەمیشەی مایەی لێکدابڕان و نامۆبوونی بەش و پارچەکانی کوردستان بووە لە یەك، بە شێوازێك کە داو نەریتی بێگانە و زمانە بیانیەکان بوونیان لە سەرانسەری کوردستاندا غەریب نی یە و ئاشناترە بە کۆمەڵگەی کوردیی، تاوەکی هی بەشێك لە بەشێکی تر، بۆ نموونە: ئەگەر کوردێك بە جلی کرمانجیەوە بێتە ناوچەی سلێمانی، یاخود کوردێك بە کوڵەباڵی هەورامییەوە بچێتە هەولێر، یاخود جافێك بە کەواو

سەڵتەوە بچێتە بازێڕی یەکێك لە شارەکانەوە، بەداخەوە جێگەی سەرنجی هەمووانە، بەڵام ئەگەر بابایەکی عەرەب بە عەگاڵەکەیەوە یاخود عەجەم یا تورکێك، بە سەرانسەری کوردستاندا بگەڕێت، ئاساییە!

گرنگیی بوونی دەوڵەت لەوەدایە، وەك بناغە و سەرەتایەك بۆ ئاوات و خواستەکانی گەل، سوودی لێ وەردەگیرێت. وەك پسپۆڕانیش پێناسەی دەوڵەتیان کردووە: ( جێ بەجێ کەری بەختەوەریی خەڵك و قەڵاچۆکەری ئاڵۆزیی و شەڕ و شۆڕە) (٤) کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان کە (کۆمەڵگەی کوردەواریش) یەکێکە لەوان، بە گشتیی دوو ئاکاری سەرەکییان هەیە و لەسەر یەکێك لەو دوو ئاکارە پێك دێن، کە بریتین لە: (ئاین، پەیوەندیی دەمارگیری و خوێن).

گرنگیی دەوڵەت بەرادەیەکە، کە بە کۆمەڵگە بێ دەوڵەتەکان دەگوترێت کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، هۆی ناتەواوییشیان نەبوونی دەوڵەتە، خاکی کوردستانیش بە پێی ئەو نەخشەیەی کە لەساڵی (١٩٤٨) ز لەلایەن ژمارەیەك نەتەوە پەروەرەوە ئامادە کراوە و ئێستا لەبەر دەستماندایە، لە مێژوودا ڕێك نەکەوتووە و هەل بۆ کورد نەڕەخساوە دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێك بهێنێت و حوکمی خاك و خەڵکەکەی خۆی بکات (٥) لە ڕوویەکی تریشەوە کۆمەڵگەکان بە گشتیی دابەشن بەسەر کۆمەڵگەی (خێڵەکیی، سەرەتایی، شارستانیی)

بۆ دیاریی کردنی ئاستی کۆمەڵگەی کوردییش دەبێت بچینەوە بە تایبەتمەندی و ئاکاری هەریەك لەو سێ چەشنەی کۆمەڵگەکاندا، تا بزانین کۆمەڵگەی کوردیی خۆی لە کامیاندا دەبینێتەوە و لە کام چەشنەیانە.

لێرەدا ئەوە دێتە پێشەوە کە چیتر لەبەر نەبوونی ئەو دەوڵەتە بەو ئاکارانەوە کە لە سەرەوە باس کران، ناتوانین کاتێك باس لە کۆمەڵگەی کوردەواریی دەکەین، یەك پێوەر و یەك حساب بۆ کۆمەڵگەی کوردەواریی بکەین و بە یەك پێودانگەوە بەراوردی بکەین لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تری مرۆڤایەتیدا، چوونکە ئەگەر چاوێکی خێرا بگێڕین بە دۆخی کوردان و کۆمەڵگەکەیدا، دەبینین دابەشە بەسەر لانی کەم پێنج دەوڵەتی جیاواز و جۆراجۆردا، کە چ لە ڕووی سیاسیی و چ لە ڕووی زمان و لەوانەیە لە هەندێ جێگەشدا لە ڕووی مەزەب و ئایینیشەوە لێك جیاوازن و ئەم جیاوازیی و جۆراوجۆریەی ئەو دەوڵەتانەش شوێنکاری خۆی لەسەر بەشە کوردستانەکەی لای خۆیان و ئەو کوردانەی کە دانیشتووی ئەو پارچەیەن بەجێ هێشتووەو، لە ڕوانگەی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانەشەوە کە ئەو دەوڵەتانە دژ بە کورد پەیڕەوی دەکەن و زمان و کلتور و داب‌و نەریت و لە هەندێ جێگەشدا مەزەب و ئایینیشی کاڵ بوونەتەوە، یاخود گۆڕاون و هی ئەو وڵاتانە تێکەڵ بە ئاکارە ڕەسەن و خواکردەکانی بووە و کورد گووتەنی (لە قەلانیش بووبن و لە کۆترانیش) چونکە وەك چۆن ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانە، کاڵ کردنەوە و پاشان سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی کورد پەیڕە و دەکەن، لە بەرامبەریشەوە بە ئاسانیی دڵیان لە ئاستیاندا پاك نابێتەوە و بە هاووڵاتی بێ عەیبیان نازانن و بەهرەمەندی مافەکانی هاوڵاتیی بوون نابن و لە سەرەتایی ترین ماف بێبەش دەکرێن.

لەبەر ئەم هۆکارانە ناتوانین بە یەك دید و هەڵسەنگاندنەوە بڕوانینە کۆمەڵگەی کوردیی و ئاکامێکی سەراپاگیری لێ بگرین، چونکە وەك باس

کرا حکومەتەکانی تورکیای عەلمانی و ئێرانی عەجەمی شیعە و عێراق و سوریای عەرەبی، ناکرێت پێکەوە کۆبکرێنەوە، چونکە هەریەك دارای تایبەتمەندیی خۆیەتی.

بە شێوەیەکی گشتیی یەکێك لە سیفەتە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئەوەیە کە: (نەگەیشتبنە نووسین) هەر بۆیەش درووستە کە بە کۆمەڵگای سەرەتایی بووترێت کۆمەڵگەی بێ نووسین .

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئەوەیە کە (مێژووەکەی زارەکیی بێت) کە ئەمەش ڕیشەکەی بۆ سیفەتی یەکەم دەگەڕێتەوە. مێژووی سەرهەڵدانی نووسینیش لە نێو مرۆڤایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ (١٧) سەدە پێش زایین.

با لێرەدا بگەڕێینەوە نێو کۆمەڵگەی کوردیی و بزانین کۆمەڵگەیەکی (خێڵەکیی، یان سەرەتایی، یان مەدەنی) یە؟

دەبینین هەمووی خێڵکە نییە، مەگەر لە مەودایەکی تەسکدا نەبێت کە ئەویش لە هەندێ ناوچەی دوورە دەست و دابڕاودا تێڕوانین و هەڵسەنگاندن لەسەر بناغەی تیرە و هۆزو خێڵە، کە هەر کۆمەڵگەی کوردیی خۆی ئەم حاڵەتە بە دواکەوتوو و نەشاز دەزانێت لە ناو کۆمەڵگەکەیدا، هەندێ لە لێکۆڵەرانی دەرەکییش ئەو حاڵەتەیان نەکردووەتە پێودانگ بۆ کۆمەڵگەی کوردەواریی، بەڵکو لە شار و ناوچە پێشکەوتوو و ڕۆشتبیرەکاندا خەریکە بڵێین: سەرەتاییشی بڕیوە و ڕووی لە شارستانیی و مەدەنی ناوە، ئەگەر بێینە سەر کۆمەڵگەی سەرەتاییش، دەبینین وەك لە پێناسەکەی سەرەوەدا دەرکەوت، کۆمەڵگەی سەرەتایی ئەو کۆمەڵگەیە کە نەگەیشتبێتە نووسین

و نووسینی نەبێت، کۆمەڵگەی کوردیی نالێم لە هەموو پارچە و بەشەکانیدا، بەڵکو بە گشتیی نووسین و مێژووو کەلتوریی هەیە و بە پێنووسی ڕۆڵەکانی خۆی خاوەنی چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی بەبایەخ و کتێبخانەیەکی خنجیلانەی کوردی [٦] و دارای زمانێکی ئەدەبیی (ئەگەر یەك پارچە و سەرتاسەرییش نەبێت لەبەر ئەو هۆیانە کە لە باسی زماندا کران) گونجاوە و بە تایبەت لە بەشە کوردستانی باشووردا.

بەتایبەتیش پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) وێڕای پێکهێنانی دەیان سەندیکا و ڕێکخراوی سەربەخۆ و حزبی، بۆ پەرەپێدان بە توانا و لێهاتنەکانی نووسەران و برەودان بە نووسینی کوردیی، دەیان گەر نەڵێم سەدان گۆڤار و بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی دەوریی و وەرزیی و هەفتانە و ڕۆژانە دەرکران، نووسین و خوێندنەوەی کوردیی ڕەسەن و بەکارهێنانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بوو بە سیمای زمانی نووسین و ئاخافتن لەو بەشەی کوردستاندا.

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو کارانەدا کە ئەنجام دراون، هێشتا هەروەك پێویست و پڕاوپڕ ناتوانرێ بگوترێ کورد و کۆمەڵگەی کوردیی خاوەنی نووسین و مێژووی نووسراوی سەربەخۆی خۆیەتی، چوونکە کۆمەڵگەی کوردیی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی (ماد) و مادەکانەوە، کە مێژووەکەی بۆ (٣٠٠٠ ساڵ پ ز ) دەگەڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە بەدەر لە شتی سەرزارەکی و شتی ئاوەژووکراوی ناو مێژووی بێگانە، هیچ دەنگ و باسێکی بێجگە (٥٠٠) ساڵی لەمەو پێشی خۆمان بە نووسراویی نازانین،

لەکاتێکدا کە بە بەڵگەی مێژوویی نیشتەجێ بوونی کورد لـەم نیشـتمانەی خۆیدا بۆ پتر لە (٥٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

گەر بێینە سەر کۆمەڵگەی مەدەنیی و پێناسەکەی، دەبیـنین یـەکێك لـە پێناسـەکانی بریتیـە لـە: (کۆمەڵگـەی مـەدەنی ڕژێـم و ڕێکخراوێکـی کۆمەڵایەتییە کەتێیدا یاسا و ڕێسا و بڕیاری کۆمەڵایەتی لە ڕووی لۆژیـك و ئـاوەز و بنـەمای بەرژەوەنـدیی گشـتیی هاولاتیـان و لەسـەر بنـەمای ئازادیی سروشتیی و ڕەوایی دەسـەلاتی سیاسـیی گشـتیی دامـەزراوە، کـە ویـژدانی مرۆڤـەکان پشـتیوانیی جێبـەجێ کـردن و بـاش چەسـپاندنی یاساکانە)(٧).

دەبیـنین کۆمەڵگـەی کـوردەواریی هێشـتا نەگەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتە و لەوانەیـە لـە هەنـدێ جێگـەدا کێرڤەکـەی لـە نێـوان کۆتـایی کۆمەڵگـەی سەرەتایی و سەرەتای کۆمەڵگەی مەدەنیدا بێت.

کـەوابوو پوختـە و کورتەکـەی ئەوەیـە کـە دەتـوانین بڵـێین کۆمەڵگـەی کوردەواریی ڕێگەی گەشەسەندنی گرتۆتە بەرو ئومێد وایـە کۆمەڵگەیـەکی سەرەتایی پێشکەوتووی پێشـکەوتن خـوازی لـێ دەربچـێت و گـەر هـەل و مـەرجی نێودەوڵـەتیی و ناوچـەییش لـەبار و سـازگار بێـت بتوانێـت یـان دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی نەتـەوەیی یـان لەسـەر یاسـای فیـدرالیزم و لـە چوارچێوەی ئەو وولاتانەدا کە کوردی تێـدا دەژیـی و کوردسـتانیان دابـەش کراوە بەسەردا، ببێتە خاوەنی قەوارەیەکی فیدراڵ و بنـەماکانی ئاسایشـی نەتەوەیی، (کە زۆربەیانی تێدایە) پایـەدار بکـات و دواتـر بـوار بـۆ تـاکی کورد بڕەخسـێت تـا بـە مێشـك و هـۆش و ژیریـی و فـامی خـۆی بـیر لـە

چارەنووسی خۆی و کۆمەڵگە و ڕۆڵە و وەچەکانی داهاتووی بکاتەوە و نەخشەی چارەنووسی خۆی بکێشێ.

## باری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستان له ڕووی نەتەوەییەوە

بێگومان پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستانیش وەك هی سەرجەم کۆمەڵگە و دەوڵەتان، کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر ئاسایشی ناوخۆ و بە گرنگترین بناغەی ناوخۆیی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەژمێردرێت، له سەرێکی تریشەوە گەر بە سەربووردێکی خێرا چاوێك بە دونیادا بگێڕین دەبینین هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت لافی ئەوە لێبدات کە هەماهەنگیی نەتەوەیی سەراپاگیر و تەواوی هەیە، بەڵکو هەندێ لە دەوڵەتان گەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت دانیشتوانی، لەنەتەوەیەك زیاتر پێکهاتوون و ئەو ڕێژە کەمەش خوازیاری مافی نەتەوەیی خۆیەتی و پێویستە ئەو دەوڵەتە بە ئەرکی خۆی بەرامبەر ئەو ژمارە لە دانیشتوانی هەستێت و مافەکانیان دەستەبەر بکات.

هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان بە گشتیی و هەرێمی کوردستانی عێراقیش[٨] بە تایبەتیی کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر پێکهاتەی دانیشتوانەکەی کە دابەشە بەسەر:

**یەکەم** / کورد: کۆنترین نەتەوەیە کە لە دێر زەمانەوە لەم خاکەدا نیشتەجێ بووە و (٤٠١) ساڵ پێش زایین لە کتێبی (ئاناباز) ی (لەشکر کێشیی دە هەزار سوارە) ی (ئێگز ئینۆفۆن) ی سەرلەشکری سوپای یۆنانىدا ناویان هاتووە و وەك مامۆستا (محەمەد عەلی عەونی) لە

پێشەکیی شەرەفنامەی کوردیدا دەڵێت: (زانایان دەربارەی ڕەگەزی کورد پێك نەهاتوون! هەروەك بۆ هەموو شتێکی تری سەر بە گەلی کوردیش یەکیان نەگرتووە).

هێندێك لە ڕەسەن ناسان لایان وایە کورد لە هۆزە ئاریەکانەوە کەوتۆتەوە و هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە: کاردۆکیا (وان و بدلیس) دانیشتووە و بۆ پاراستنی ئازادیی و سەربەخۆیی خۆی کە داخواز و پیشەی هەمیشەیی ئەو گەلە چیا نشینە بووە، پاڵی بەو کەژە سەرکەشانەوە داوە کە بەسەر ئاشورستانی کەونی دا ڕوانیوە.

بەڵگەی بەهێز بۆ ئەم مەبەستە نووسراوە کەی (ئێگز ئێنۆفۆن) ی مێژووزانی پێشینی یۆنانە، کە باسی پاشەکشەکردنی (١٠) هەزار شەڕکەری یۆنانی دەکا لە ساڵی (٤٠١) ی پیش لەدایك بوونی عیسا لە ئێرانەوە بەرەو باکوور هاتوون و ڕوویان کردۆتە لای دەریای ڕەش و لە ڕێگەی نێوان چیاکانی ڕەواندوز تا دەگاتە دەرسیم و ئەرزنجان، بەناو گەلێکی زۆر ئازاو نەترسدا تێپەڕ بوون کە ناویان کاردۆخ بووە، بێگومان کاردۆخ کوردە و یۆنانی گۆڕیویانە.

بەو پێیە وا بوو بە نزیکەی سێ هەزار ساڵ گەلی کورد لەو نیشتمانەدا دەژیی و ڕەوشت و ئاکاری ئەو کۆنە باپیرانەی بۆ ماوەتەوە[٩].

بەم پێیە کورد دەچێتەوە سەر گۆتیەکان و زاگرۆس نیشتمانی نەتەوەیی گۆتیەکان بووە و مێژووی ئەم گەلەش بۆ (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کورد لە دێر زەمانەوە

نیشـتەجێی ئـەم خاکـەی خۆیـەتی و لـە هـیچ لایەکـەوە بـۆی نـەهاتووە، نووسینی ئەکەدیەکانیش ئەم راستی یە دەسەلمێنن [١٠].

لـە هـەرێمی باشـوری کوردسـتاندا بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی (١٩٧٧) ٥٣٪ ی سـەرجەمی دانیشـتوانی هەرێمەکـە کـورد پێکـی دەهێنێـت، کـە پێشتر لە سەرژمێری ساڵی ( ١٩٥٧) ٥٦ ٪ بووە و هۆی دابەزینەکەشی بـۆ ئەم چەند خاڵە دەگەڕێتەوە:

١- هەلومەرجی نائاسایی هەرێمەکە.

٢ـ ڕاگواستنی کورد لە هەرێمەکەدا، لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە.

٣ـ هەوڵی ڕژێم بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی کورد.

٤ـ دەرکردنـی کـوردە فەیلیـەکان کـە پترلـە (٢٠٠) هـەزار کەسـیان لـێ دەرکرا.

## دووەم/ عــەرەب

بە پێی سەرژمێری ساڵی(١٩٥٧) نەتەوەی پلە دووە لە کوردستاندا و بە ڕێـژەی ٣٢٪ ی دانیشـتوانی پێـك هێنـاوە بـەڵام لـە سـاڵی (١٩٧٧) دا سەرکەوتووەبۆ٤٢,٢٪ ئەمە لە حاڵێکدایە کە لـە مێـژووی کوردسـتاندا تـا سەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، لە هـیچ بەڵگەنامەیـەکی مێژووییـدا نـاوی عـەرەب لـە دیموگرافیـای کوردسـتاندا نـەهاتووە و نیـە، تـەنها لـە نووسینی ئاشوریەکاندا بەر لە نۆسەد ساڵ پێش زاین، بۆیەکـەم جـار نـاوی عەرەب یان شتێکی لەو بابەتە بەرچاو دەکـەوێت، ئـەویش بـە نـاوی شـێخ نشینی ناوچەکانی بیابانی سەر سنوری سوریا.

له ساڵی (١٦٤٠) به دواوه بەهۆی هەڵکشانی هۆزە عەرەبەکان بەرەو کوردستان، خێڵە عەرەب هاتنە ناو کوردستان و دواتر سیاسەتی بەعەرەب کردن دەستی پێکرد و هۆکارەکەشی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١ـ هەڵکشانی خێڵە دەوارنشینە عەرەبەکان لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاواوە بەرەو هەرێمی کوردستان و نیشتەجێ کردنیان لە پارێزگا فرەنەتەوەکانی هەرێمدا و دابەش کردنی زەویی و زار بەسەریاندا.

٢ـ هاندانی عەرەب بۆ نیشتەجێ بوون لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

٣ـ ناردنی فەرمانبەر و پۆلیس و ئاسایش و سەرباز و میلیشیای عەرەب بەماڵەوە بۆ هەرێم.

٤ـ ناچار کردنی کورد بۆ نیشتەجێ بوون لە دەرەوەی هەرێمدا، لە ڕێی دەرکردن و دوور خستنەوە و ڕاگواستنەوە، شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیابارانیش کە حکومەتی عێراق لە دژی کورد و تورکمان ئەنجامی داون، بۆ ئەم مەبەستە چاکترین بەڵگەن.

٥ـ هەوڵدانی سەرژمێرکەرەکان بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی نەتەوە نا عەرەبەکان.

## سێ هەم/ تورکمان:

پاش کورد و عەرەب بە پلەی سێ هەم دێت، بە پێی سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧) (٧,٣٪) ی دانیشتوانی هەرێم پێك دەهێنن کە دەکاتە (٩٢,٦٪) ی سەرجەم تورکمانەکانی عێراق، بەڵام لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٧٧) دا، دابەزیوە بۆ (٣,٣٪) ی دانیشتوانی هەرێم.

هۆکاری ئەم دابەزینەش لە ڕێژەی تورکماندا بۆ ئەم دوو هۆیە دەگەڕێتەوە:

١ـ ڕاگواستنیان و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە جێگەیاندا.

٢ـ کەم کردنەوەی ڕێژەیان لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ناوەندەوە و لە سۆنگەی ئامانجە شۆڤێنیەکانیانەوە.

ڕیشەی تورکمان و بوونیان لە عێراقدا دەچێتەوەسەر گروپ و خێڵە ڕەشماڵ نشینە تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیا کە لە نێوان دەریای قەزوین و ڕۆژئاوای چیندا هەن، بە پێی (کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان تایبەت بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موصڵ) هەموو ئەو تورکانەی کەلەسەدەی یانزە ی زاینیدا لە ڕووباری جەیحونەوە (کە دەکەوێتە نێوان ئێران و ڕۆسیا) پەڕیونەتەوە، بوونەتە موسوڵمان و بە تورکمان ناسراون ناوی(تورکمان) لە تەرجومانەوە هاتووە چوونکە ئەو تورکانە تەرجەمەی زمانی عەرەبە دەسەڵاتدارەکانیان بۆ تورکە ناموسوڵمانەکانی وڵاتی خۆراسان دەکرد.

## چوارەم/ گروپی سریانی:

(سریانیی و کلدان و ئەرمەن) کە هەموویان پەیڕەوی ئاینی مەسیحیی و هەموویان بە یەکێ لە شێوەزارەکانی زمانی سریانی دەدوێن، ئەو زمانەش ڕەگی دەچێتەوە سەر زمانی دێرینی ئارامی.

بوونی ئەم چەند کەمایەتییە لە نەتەوە و ئاینی جودا، نەبوونی دەمارگیریی لە کۆمەڵگە و نەتەوەی کوردیدا دەسەلمێنێ، کە ئەم ئاین و

نەتەوانە لە دێر زەمانەوە لەگەڵ کورددا دەژین و توانیویانە پارێزگاریی قەوارەی ئایینیی و نەتەوەیی خۆیان بکەن.

لەبەر ئەوەی کە زانیاریی تەواو لەبارەی ڕێژەی هەریەکەیانەوە نەهاتووە لە سەرژمێریەکانی (١٩٥٧ - ١٩٧٧) لە یەکەمیاندا ناوی (سریانیی و کلدان) هاتووەو لە دووەمیاندا ناوی (سریانیی و ئەرمەن) هاتووە.

ڕێژەی سریانەکان لە نێوان ساڵەکانی ( ١٩٥٧-١٩٧٧) دا ڕوو لە دابەزین بووە و لە ( ٠,٩٪ ) وە دبەزیوە بۆ ( ٠,٦٪) ی سەرجەم دانیشتوانی عێراق، هۆی ئەم دابەزینەش بۆ ئەم چەند فاکتەرە دەگەڕێتەوە:

١ـ نزمیی ڕێژەی زاوزێ لە نێوان ئاشوریەکاندا، بە پێچەوانەی کورد و عەرەبەکانەوە.

٢ـ کۆچی فراوانی سریانەکان بە تایبەت پاش بەسەر هاتەکەی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨) و لە کوردستانیشدا پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١).

گروپی سریانیی بەسەر ئەم ناوچانەدا دابەش دەبێت:

لە پارێزگای دهۆك: ناحیەکانی ( بەرواری باڵا، سەنگەسەر، سلیڤانی، سندی ،گەلی، سمێڵ) و ناوەندی پارێزگای دهۆك و زاخۆ.

لە پارێزگای هەولێر: ناحیەکانی ( دیانا، هەریر، عەنکاوە) ناوەندی قەزای شەقلاوە. لە پارێزگای کەرکوك: لەناو شاری کەرکوك و ئاڵتون کۆپرێ.

لە پارێزگای نەینەوا: ناحیەکانی ( نەهلە، تەلکێف، قەرەقوش، شێخان، ئەلکیش )(١٠). لە پارێزگای سلێمانیش لە مەڵبەندی پارێزگادا واتە ناو شاری سلێمانی فەلە بەڕێژەیەکی کەم و سنوردار هەن و تا ئێستاش هەر

لەوێ نیشتەجێن.* لەمەوە کە ڕابوورد، دەردەکەوێت کە کۆمەڵگە و گەلی کوردستان لە ژێر کاریگەریی سروشتی پێکاتەکەیدا، ڕووبەڕووی حاڵەت وواقعێك بۆتەوە، کە جیاوازە لە پێکهاتە و واقیع و حاڵەتی زۆربەی گەل و کۆمەڵگەکانی جیهان. بۆ ئەوەی کورد زاڵ بێت بەسەر ئەو ئاستەنگە سروشتیی و دەست کردانەدا کە باس کران، پێویستی بە مکوم کردنی گیانی لێبڕان و پشت گوی خستنی نا سازگاریەکان و بەرمانە ڕێژییەکی توند و تۆڵ دەبێت بۆ گوزەراندن و هەموارکردنی کاردانەوەی چەوتایەتیی ئەو دابەش بوونانە لە ڕێگەی زیندوو کردنەوە و جۆشدانی گیانی نەتەوە پەروەریی و نیشتمان پەروەریی و خزمەتگوزارییەوە، تا ئەو دابەش بوون و جۆراجۆربوونانەی کە بوونەتە سیمای کۆمەڵگەکەی. لە پێناو خزمەتکردن و پەرەپێدانیدا بخاتە گەڕ، ئاشکرایە ئەوەش کارێکی گەورەیە ودامەزراوەی دەوڵەتیی و پشتیوانیی ناوخۆیی ودەرەکیی گەرەکە، بۆیە خۆسازدان بەرەو ئەو قۆناغە و خەبات کردن لە پێناو وەدی هێنانی بنەما سەرەکیەکانی ئەو ئامانجە، ئەرکی هەنووکەیی هەر تاکێکی کوردە و نابێت کەس نکوڵی لێ بکات .

## سنورو کەوشەنی * نەتەوەییو جوگرافی کوردوکوردستان

---

* بۆ زانیاریەکانی ئەم بەشە لەم باسە پشت بە و زانیاریانە بەستراوە کە لە بابەتی (پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوان لە کوردستاندا) بەستراوە کە لە نووسینی بەڕێز مامۆستا (جزا توفیق تالب) لە گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە (٢٩) دا بلاوکراوەتەوە و ئەویش پشتی بە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە بەستووە.

* کەوشەن: وشەیەکی کوردی یە و واتای (سنور، حدود، سەرحەد، مەرز) دەگەیەنێت. (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار موکریانی)

کورد وەك گەلێکی رەسەن ، مێژووی بـوونی لـە ناوچـەکەدا بـۆ (٥٠٠٠) ساڵ لەمەو بەر دەگەڕێتەوە و خاوەنی ئەو خاکەیە کە تیایدا نیشتەجێیە و لە مێژووشدا لە ڕێگەی ئیمپراتۆریەتی (ماد) ە وە کـە (٣٠٠٠ سـاڵ پ.ز) لـە کوردسـتاندا دامـەزراوە و حـوکمڕانیی خـەڵك و گـەلانی ناوچـەکەی کـردووە، لــە ڕووی ئایینیشــەوە پــەیڕەوی ئــایینی زەردەشــت و کتێبــی (ئاوێسـتا) بـووە و پیرشـالیاری زەردەشـتیی بـە هـەمان شـێوە بـە زمـانی کوردیی و شێوەزاری هـەورامیی گوزارشـی لـە هـاتنی شـەریعەتێکی تـازە داوە و داوای پەیڕوکردنی ئەو شەریعەتەی لە شوێنکەوتوانی خۆی کـردووە، لـــــەم پەنـدەدا: "وە روێ وارێنـە وەروە وەرێنـە وەرێســەی پڕچـیێ چـوار سەرێنە" هەر لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئیسـلامەوە (نـەوەد و نـۆ پـیرەی هەورامان) کە دەسـەڵاتی ئـاینیی نـاو کـوردان و دەزگایـەکی یاسـادانان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بووە، لاوێکی خۆیـان بـەناوی (کابـان، گـاوان، جابان) ەوە ناردووەتە حجاز تا هەواڵی ئەو ئاینە تازەیان بۆ بزانـێ و دواتـر ئیسلامیان پێ گەیشتووە و موسوڵمان بوون، لەبەر ڕۆشـنایی هـەموو ئـەو ڕاسـتیانەی سـەرەوەدا دەردەکـەوێت کـە کـورد خـاوەنی ڕاسـتەقینەی کوردستانە و، ئەو خاکـەی کـوردانیش پێویسـتی بـە دەسـت نیشـان کـردن هەیە و نهێنیی ناونانیشی بە ناوی کوردستانەوە هەر بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کە خاکی کوردانە و ئەوانی تێدا نیشـتەجێ بوونـە. دیـاریکردنی سـنووری کوردستان (بەوردیی) کـارێکی ئاسـان نیـەو ئـەو نەخشـەیەش کـە ئێسـتا لەبەر دەستدایە لە ساڵی (١٩٤٨) دا لەلایەن کۆمەڵێك کەسایەتیی نەتـەوە

پەروەری کوردەوە ئامادەکراوە و نەخشەی خاکێکی ستەم لێکراوی دابەش کراو بەسەر پێنج وولآتدایە، لە پێشەکی شەرەنامەدا هاتووە کە نەخشەی کوردستان بەم شێوەیە: *

## کوردستان لە باکورەوە :

چیای ئارارات وەك لەمپەرێکی جوگرافیی و سیاسیی، خاکی کوردستان لە وولآتی ئێران و ڕوسیە و تورکیا جیا دەکاتەوە و سنورێکی نیشتمانیی و نەتەوەییە لە نێوان گەلی کورد و گەلانی فارس و ئەرمەندا.

## کوردستان لە خۆر نشینەوە:

چەمی فورات و مەلآتیەی تورکیا، یاخود بڕێك لە وولآتی شەرقی ئەنادۆڵ، سنوری نێوان کوردستان و تورکیایە، بەو پێیە هەموو ویلایەتی ڕۆژهەلآتی تورکیە، جگە لە ویلایەتی تەڕابزون و بەشێك لە ویلایەتی ئەرزەڕوم کوردە و لە ناو کوردستاندا هەڵکەوتووە.

## کوردستان لە باشورەوە:

لە باشورەوە سێ وولآت دراوسێی کوردستانن، کێوی حەمرین و مکحول کوردستان لە عێراق جیا دەکەنەوە، یان بە دەستەواژەیەکی کۆن، عێراقی عەرەبی لە ویلایەتی موصل جیادە کەنەوە، لە ڕووی ئێرانیشەوە خۆزستانی ئێران و لە ڕووی سوریەشەوە لیوای (دێرزور) کوردستان لە وولآتانی دراوسێی جیا دەکەنەوە.

* بەپلەی یەکەم سوود لە پێشەکیی مامۆستا (محەمەد عەلی عەونی) وەرگیراوە کە بۆ شەرەفنامەی نووسیوە و مامۆستا هەژار کردویەتی بە کوردی/ پێشەکی شەرەفنامەی کوردی لاپەڕە (٩٧-٩٨).

## کوردستان لە خۆر هەڵاتەوە:

رۆژهەڵاتی کوردستان لەوسەری لوڕستان و شاری کوردەوە دەست پێ دەکات و هەڵدەکشێت تا خۆی لە کێوی ئارارات دەداتەوە.

واتە: هەموو ویلایەتی لوڕستان و کوردستان و بەشی خوارووی ویلایەتی تەبریزی ئێستا ـ دەکەونە سنووری کوردستانی مەزنەوە، پوختەکەی سنووری کوردستان و دراوسێکانی بەم شێوەیە:

لە باکورەوە کۆماری ئەرمەنستان، لە خۆر نشینەوە چەمی فورات و برێك لە ویلایەتی شەرقی ئەنادۆڵ، لە باشورەوە خۆزستانی ئێران و عێراقی عەرەبیی و چۆڵی شام (لیوای دێرزور)، لە خۆرهەڵاتەوە، ئازربایجانی ئێران و مەڵبەندی فارس.

( زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی شارەکان و دانیشتوانی چیاکان و ڕەوەندەکانی ناو ئەم سنورە پانە، بە خوێن و زمان و ڕێو شوێن کوردن، زمانی تورکیی و فارسیی و عەرەبیی کە لە شارە گەورەکانی کوردستاندا دەبیسرێن، فیتی ئێران و تورکیە و عێراقە، کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە).

وەك لە هەمان پێشەکیدا هاتووە، و مامۆستا هەژاری موکریانی بە پێنوسە پاراو و زمانە دەوڵەمەندەکەی خۆی سروشت و ئاو و هەوای خاکی کوردان بەم شێوەیە وەسف دەکات:

(( لە هەموو لایەکەوە چیای زۆر سەربەرز دەوری کوردستانیان داوە، تەنها لە بەشە جنوبییەکەی نەبێ کە زۆری بانو هەن و کانیاوی بە تەوژمی تێدان و دەشت و مەزرای زۆریشی هەیە کە بە ئاوی چەم و کانیاوەکان

پـاراو دەبـن، بەشـی جـەنوبی شـەرقیی کـە چـەمی دیجلـە و فـورات و ڕووبارەکانی زێی گـەورە و بچـوك و چـەمی خاپوریـان پێـدا ڕادەبـورێ لـە هەموو شوێنەکانی تری کوردستان بە پیت و ڕێژەترن.

چیای هەرەبەرزی کوردستان لەوپەڕی شیمالەوە هەڵکەوتووە، بریتییە لـە لێرەواری چڕ و بەهرەدەر و شیو و دۆڵی زۆر بە پیت و سوودی لـە دەورەیـە و بە هاوین و بە زستان هەر ئاوەدانە و پڕ لە شـار و گونـدە... کێوەکـانی نێوان ئێران و تورکیا ڕووت و قاقڕ و کڕاڵن، نـە لێـرەوار و نـە لـەوەڕ و لـە بـەردی ڕەقـی ئـاگر پـرژێن پێـك هـاتوون و کەڵپـە و گڕەبـەردی وا پشـتی گرتوون کە لە وزەی هیچ لەشـکرێکدا نییـە لێیانـەوە ئـاوا بـێ... زۆربـەی چـۆماوەکان وەك فـورات و هـەردوولکی و دجلـە و زۆر ڕووبارەکـانی لـەو کێوە رژدو سەختانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن... ئـەم چـەمانە هـەموو بـەرەو جەنوب دەخۆشێن، جگـە لـە چـەمی (قـەتور) کـەلکی چـەمی (کـوڕ) ە و دەڕژێتە ناو دەریای قەزوینەوە.

گەلێك ڕووبار و جۆبـاری تریشـی هـەن، هەنـدێکیان دەڕژێنـە دەریاچـەی وانـەوە و بڕێکیـان ڕوو دەکەنـە گـۆلی ورمـێ کـە لـە وولاّتـی عەجەمـەو دەکەوێتە رۆژهەلاّتی گۆلی وانەوە)).

## تیشـکێك لەسەر ئەو سەرچاوانەی کە لە مێژوو و ڕەچەڵکی کورد و زمان و داب و نەریت و ئـاو و هەوا و خاکی کوردسـتان دوواون

ئەو سەرچاوانەی کە لەم بارەوە نووسیویانە و گوتوویانـە گەلـەك زۆرن و بە زمانی جۆراجـۆر لەلایـەن خـەڵکی جۆراجـۆرەوە نووسـراون و زۆربـەی زۆری ئەو نووسەرانە غەیرە کوردن و هەندێکیان لە نیوسەدە پـێش زایـین و هەنـــدێکیان لـــە ســـەدەکانی (١٦ و ١٧) ی زاییـنـــدا ژیـــاون و بـــوون، هەندێکیشـیان بـە مەبەسـتی سیاسـیی و سـیخوڕیی هاتوونەتـە وڵات و کەمێکیشــیان لــە نــەوەی کــوردانن، جــۆرێکی تــریش لــەو نووســەرانە، دەستەیەك لە خوێندەوەران و قوتابیـانی زانکـۆ و خوێندنـە باڵاکـان بـوون، ئەوانەی کە ویستویانە باس و (تێـز) ەکانیـان لـە بـارەی کـوردەوە ئامـادە بکەن، بۆ ئەو مەبەستە بڕێکیان سەردانی کوردستانیان کردوە و بـە ناوچـە و هۆز و خێڵە کوردەکانـدا زۆر گـەڕاون و زانیارییـان کۆکردۆتـەوە، بڕێکـی دیکەشیان پشتیان بەو سەرچاوانە بەستووە کە لە کتێبخانەی وڵاتەکەیانـدا هـەبووە، لـە پـێش هـەموو چەشـنەکاندا ئـەو بەشـەیە کـە بەپێنووسـی دەسـتەیەك خـەمخۆری کـوردی دڵسـۆز نووسـراونەتەوە و هەنـدێکیان لـێ پـارێزراوە، ئێمـەش لێـرەدا بـە مەبەسـتی ئـەوەی ڕۆڵـەکانی گـەلی کـورد ڕاچڵەکێن و بزانن کە مێژووی گـەلی کـوردیش گـەر وەك گـەلانیش نـەبێت شتێکی لێ نوسراوەتەوە و دەکرێ ئەوەی کە  لەبەر دەستایە بکرێتە بناغـە و لێکۆڵینـەوەی تـازە و بەدواداچـوونی مـۆدێرنی لەسـەر بکرێـت (ئـەوەی جێگەی دڵخۆشـییە ئـەم بزاڤـە لـە نێـوان ڕۆشـنبیر ونووسـەرەکوردەکان و تەنانەت نا کوردەکانیشدا بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە مێـژووی کـورد هەسـت پـێ دەکرێـت، هەرچـەندە مێـژووی کـورد لەبـەر بـە تـاڵان بـردن و لـەناوبردنی لەلایەن ناحەزانەوە، زۆر ڕوون نییە و دەتوانین بڵێین: تەنها لە پـاش هـاتنی

ئیسلامەوە، ئاسۆی مێژووی ئەم گەلە ڕۆشنایی تێ کەوتووە و لەوە بە دوا تا ڕادەیەك تواناوە، ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواریی و دەنگوباسی میر و پیر و خانەوادە و دیوەخان و مزگەوت و خانەقا و ماڵ و حاڵ و هەواڵی ناوچەکان و خێڵ و هۆزەکان نووسراونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی هەندێکی دەماو دەمەو ناکرێ بە ئاسانی پشتی پێ ببەسترێت، هەرچەندە ئەرکی ئێمەیە ئەوکێشەیە یەکلا بکەینەوە زمێژوو و ژیاری دزراوی خۆمان دەست خەینەوە، ئەوەی دەکرێ لە شێوەی پرسیاردا لەخۆمانی بکەین ئەمەیە کە کام لەم سەرچاوانە مایەی ئەوەن پشتیان پێ ببەسترێت و بە متمانەوە بەرخوردیان لە گەڵدا بکرێت و بە ڕاست و بە کەلەپوری کورد لە قەڵەم بدرێن و شانازییان پێوە بکرێت؟

لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری ئەم سەرچاوانە، (جگە هەندێ لەوانەی کە خاوەنەکانیان کوردن) پێویست دەکات بە ئاگاییەوە هەڵوێستیان لە بارەوە بگیرێت، چونکە ئەو کەسانەی لەم بارەوە نووسیویانە ناکرێ سیفەتی مێژوونووسیان بدرێتێ، بەڵکو زۆرربەیان وەك ئاماژەمان پێ کرد یان ڕۆژهەڵات ناس و مەبەستی تایبەتییان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا هەبووە و بەدووی خاڵێکی دەست نیشانکراودا گەڕاون و نووسیویانە، یاخود خوێنکاربوون و بۆ دەستخستنی بابەتێکی سەرنج ڕاکێش (بۆ نووسینی باسەکانیان و پێشکەش کردنی بە زانکۆکانیان) گەڕاون و نووسیویانە. یاخود وەك (کلۆدیۆس جێمس ریچ) کە زۆربەی نووسەرەکان و مێژوونووسەکانی ئەم دەمە، پشت بە زانیاریەکانی دەبەستن، فەرمانبەرێکی سەرپەرشتیاری نوێنەرایەتی بەریتانی بووە لە عێراقداو

پاش بەسەر بردنی شەش ساڵ لە شاری بەغـداد و لـە ژێـر دەسـەڵاتی والی عوسمانیەکاندا لە ڕۆژی ١٦ ی نیسانی سـاڵی ١٨٢٠ ی زایینیـدا بـۆ هـەوا گۆڕین، گەشتێکی کوردستانی کردووە و چـۆتە خـاکی میرنشـینی بابـان و ئـەردەڵان و ڕۆژانـە و شـەوانە بیرەوەریـەکانی تۆمـار کـردووە و ئێسـتا دەفتەرەکەی باخەڵی ریچ نێردراوی بەریتانیا، بۆتە سەرچاوەیەکی مێـژوویی کوردناسی، وەك بەڕێز (محەمەد حمە باقی) لە پێشەکیی وەرگێڕانەکەیدا بـۆ (گەشتەکەی ریچ بـۆ کوردسـتان)، دەڵێـت: "ئەمـەوێ هەڵوێسـتێکی خێـرا لەلایەن ئەو چەند لایەنە بە بڕشتەی ڕوانینەکانی (ریچ) وەربگـرم سـەرەڕای ئەوەی کە دڵنیام لەوەی ریچ بێ هیچ پێچ و پەنایەك، ئەوەی لە دڵیدا بـووە و ئەوەی مەبەستی بووە و ئەوەی لە کلاو ڕۆشنەی دیدی خۆیەوە دیویەتی، وەکو خۆی بۆ خۆی تۆماری کردووە، بەڵام ئەوە بۆ ئێمەی خوێنـەری کـورد نابێتە وەرگرتنێکی ئۆتۆماتیکی، کە نووسەری ئەم یادنامەیە چۆن سـەیری کۆمەڵگە و دیاردەکانی ئەو سەردەمەی ئێمەی کردبێت، ئێمەش وەك ئـەو بۆ ئەو لایەنە بڕوانین و، جیاوازیی لە نێوان هەڵوێست و بیروبۆچوونی ئێمـە و ئەودا نەبێت، کە دیارە دەبوایە ئەو جیاوازییـەش هـەر هـەبێت چوونکە ئەوێکی بیانیی و نامۆ، بە دێرینە و نەریت و دوور لـە هـەموو لایـەنێکی ژیانمان، هەروا بەو چەند مانگەی ژیان بەسەر بردنی لەناو ئێمـەدا، هـەموو شتێك بەو پلەیە وەك ئێمە بۆخۆمان نابینێ.

وەك چـۆن بـێ پـەروا بـە هـەموو سـۆز و سەراسیمەی بێئەندازەیـەوە هەموو لایەنێکی نەریت و ڕەوشی کوردانی قەڵەمڕەوی میرنشینی (بابـان) ی خۆش ویستووە، بە هەمان بێپەروایشەوە بڕیـاری خێـراو تونـدی لەگـەڵ

دەروونی خۆیدا داوە، کە بەفیز و بێزەوە لە هەموو نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵگەی کوردانی قەڵەمڕەوی میرنشینی (ئەردەڵان) ببینێ و هەست بکات جیاوازیی و دەلاقەیەك لە نێوان سەرتاپای ڕەوشت و ئاکاری کوردانی ئەم دوو قەڵەمڕەوەدا هەیەو، ئەوەی یەکەمیان بەسەر دووەمیاندا پەسەند بکات، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا خودی ئەو دەلاقەیەیە، کە بێ هیچ پشتیوان و لێکدانەوەیەك لە دید و تێگەیشتنی ڕاگوزەرییانەی (ریچ) دا دروست بووە و، ئەوەی (ریچ) بە جیاوازیی نێوان ڕەوشت و ئاکاری ئەو دوو کۆمەڵگەیە ئەیبینێ، هەر ئەو دیاردانەیە، کە زانستی کۆمەڵناسی لە نێوان شارێك و شارێك و تەنانەت گەڕەکێك و گەڕەکێکی تردا ئەیبینێ و ئەمەش نەك هەر لەو دوو ناوچەیەدا، بەڵکو لە سەرتاسەری دنیادا هەیە.

پێم وایە هەر ئەم ڕوانینە نادروستەی (ریچ) وای کردووە لە هەندێ جێگەی یادنامەکەیدا، بێ پرس و ڕا بەم و بەو، یەکسەر سەرنجەکانی تۆمار بکات، لە نموونەی ئەم قسەیەم یادنامەی ڕۆژی (٣٠ ئایاری ١٨٢٠)ە لەو ڕۆژەدا وای تێبینی کردووە کە موسوڵمانانی کورد، بەدەم نوێژکردنەوە قسە لەگەڵ ئەم و ئەوی دەورو بەریاندا دەکەن...! لە کاتێکدا ئەبوایە (ریچ) لەوە بگات، کە ئەوەی ئەو وای تێگەیشتووە وا نیە... بەڵکو کەسێك ئەگەر چەند نوێژێك بەسەر یەکەوە بکات، ئەتوانێت لە نێوان نوێژێك و نوێژێکی تردا پشوویەك بدات، یان قسەیەك لەگەڵ دەوروبەورەکەیدا بکات، ئیتر ئەوە تایبەت نیە بە موسوڵمانانی کوردەوە

و، هـەموو موسـولْمانێك ئـەتوانێ لـە نێـوان نوێـژەكانیا ئـازادیی خـۆی وەربگرێ " *.

ئەمەی گوتمان هەموو لەلایەك و ئەوەی كە بەناو مێژوو نووسە عـەرەب و فارسەكان نووسیویانە لەبارەی ڕەچەڵەكی كوردەوە لەلایەك، لەبەر ئەوەی كە مامۆستا هەژار موكریانی زۆر بە تێر و تەسەل لەو بارەوە لە پێشـەكیە ناوازەكەیـــدا بـــۆ شـــەرەفنامە نووســـیویەتی ئێمـــە لێـــرەدا تـــەنها ڕوونكردنەوەكانی ئەو ڕادەگوێزین و دەیخەینە بەر دەستی خوێنـەر لـە ژێـر سەردێڕی (دوژمانوڕەسەنمان) دا لە لاپـەڕە (١٣ ــ ١٦) ی پێشـەكیەكەیدا نووسـیویەتی و دەڵێـت: (سـەعدی شـیرازی دەڵێـت: كابرایـەك لـە خـەودا شەیتانی زۆر بە جوانی دیت، لێی پرسی تۆ لـە ڕوكـاری گـەرماوان وێنـەت بە تاكە چاوێكە و شاخ و كلكیشت لێ ڕواوە، ئێستا ئەو شـۆخ و شـەنگی و نازداریـەت لـە كـوێ هێنـاوە؟ لـە وەرامـا پێـی گـوت: مـن فریشـتەم فریشتەش هەموویان جوانن، بەڵام بنووسـەكە، لـە دەسـت دوژمنـان دایـە، هەرچاكە ئەوەندەشیان پێوە هێشتووم )!

كوردیش دەڵێت:  پیـاو كەسـێكی بـدزرێ خـەونی گـوڵی پێـوە دەبینـێ، ئێمەی كورد بۆ خۆمـان مێـژووی خۆمـان نەنووسـیوە، زانـاو مێژوونووسـە كوردەكانیش هەر بە بەژن و باڵای داگیركەرانی كوردسـتانیاندا هـەڵگوتووە و هەرگیز چاویان خۆیانی نەدیوە، بێگانەكانیش چاویان لە خواردنمان بڕیـوە و خەونی ناخۆش و پیسیان پێوە دیـوین گـەر جاروبارێـك بـۆ بەرژەوەنـدیی

* گەشتی ریچ بۆ كوردستان لاپەڕە (١٥ ــ ١٦)، وەرگێڕانی محەممەد حەمەباقی.

خۆیان، تاك و تەرا لێرە و لەویٚ بە دەگمەن یادیان کردوین، بە جوێن و نەفرینەوە بۆمان هاتوون و فڕیان پێدا داوین و هەر بەجارێك بەربادیان کردووین، کۆمەڵێك کوردی بازرگانی هۆزی (باجن) لەلای بۆتانەوە چوونەتە تایف و لەسەر دەستی پێغەمبەر موسوڵمان بوون، لەو ڕۆژەوە (باجن) کراون بە بەجیٚنووسین و هەموو نەتەوەی کورد لە سایەی ئەو نۆ موسوڵمانانەوە، لەو تیرە جنۆکانەن کە سەرپۆشیان لەسەر لادراوە... !!

سولەیمان شا بە دێو و درنجاندا کەنیزەکی بۆ بە دیاری هاتوون و لە ڕێگەدا ئەو داوێن پیسە نەگریسانە دەستیان دەگەڵ تێکەڵ کردوون و زگیان پەنماندون و بێزوویان تێدا گۆڕاوە و سلێمان لەو کەنیزە بیٚ شەرمانە تۆراوە، ئەگەر چی عیبریی زمانیش بووە بە عارەبی فەرموویە: (**أكردوهُنَّ في الجِبَال**) واتە: بەرهەڵدای کێوانیان کەن با کوردیان لیٚ بکەوێتەوە، ئیتر بەو پێودانە هەرچی کوردە و ڕۆڵەی کوردستانە، زۆڵە و لە دێوانە لەوساوە هەڵوەدای کێوانە!

ڕۆژێك کوردی کوڕی موردن و چەلێك جوجولەی سەعسەعین و هەلێك بە هەوا، هەوازین و تاوێك باوکمان مەزیقای بەچکە بارانەیە و دەمێك لە هێلکەی رەبیعەی بەکرەوە سەرمان دەرهێناوە و چاخێك مامانی منالە موزەر، ناوکی بڕیوین وسەردەمێك ژنەکەی نزاری دەوار نشین فرچکی پیٚ مژیوین، تەنانەت بوێژ و زانایەکی عەرەب لەمەڕ مێژووی کوردەوە سوێندی خۆی کردۆتە بەڵگە و فەرموویە:

بە خوا سوێندم کورد نە فارسن

بێچوولەی عەمری کوڕی حارسن

مامۆستا فیردەوسیی خاوەنی شانامە، خوا خێری بنووسێ گۆیا بەزەیی پێماندا هاتۆتەوە، لەناو کەڵبە و پەنجەی زەحاکی خوێن مژ و ناپاکی دەرهێناوین و بەرەو چیا ڕاوی ناوین و لەسایەی سەری ئەو چیا ڕژد و هەڵەمۆتانەوە ماوین و بەبی ترس حەواینەوە.

کەچی لە پڕ لە ناکاو باو دەخواو با دەداتەوە سەرمان و بە سەر و پۆتراکماندا دێتە خوار و گەزارەمان لێ دەکێشێ و کارێکمان پێ دەکا با بەدەواری شڕی نەکردووە بەبێ ئەوەی میوانمان بووبێ و کەسمان لێ بناسێ بە خانوو پەلاسی خوانەناسی بێ فەڕ و بە گەڕمان ناودەبا.

ئەبو موسلیمی خۆراسانی زۆر بە ئاسانیی هەموو ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی ئەوسای بە زۆری باسك و بە هۆی پتەویی خۆی لە چنگ بەرەی ئەمەوی دەرێناوە و وەك هێلکەی پاککراوی خوێ لەسەر، لەبەردەمی عەبباسیەکانی داناوە و دەستەو نەزەر لەبەر دەستیان ڕاوەستاوە، کەچی لە پاداشتی ئەو پیاوەتیەدا بە گزی و دزی کوژراوە و ئەبو دولامەی شاعیر دەرباری مەنسوری لێ هانداوەکە لە دوای کوژرانی فڕی باوێتێ و پێی بڵێ: (باوك و باپیرە کوردەکانیشت وەك خۆت غەددار و بێ ئەمەك بوون) گەمەی لە هەمووان خۆشتر ئەمەیە: (ئوغزخانی تورکستان بەغدوز ناوی کوردستانی نارده لای پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) بوغدوز ئەوەندە ناشیرین و ڕەزاگران بوو، پێغەمبەر رقی لە چرچاوی هەڵقرچاوی هەستا و لە داخانێ توك و نەفرینی لە هەموو کوردی سەر زەمین کرد!).

ئاخر با بڕوانین : ئەو نووسەرە ساویلکانەی لە دوژمنایەتی کـوردان و بـۆ دراوی گیرفانیان ئەو چیرۆکەیان هەڵبەستووە و ئەم بوختانە گەورەیـەیان بـۆ پێغەمبەر کـردووە و دەنـاو ڕووپـەڕی مێـژوویان ئـاخنیوە، ئەوەنـدەیان بـە مێشك و دڵا تێنەپەڕیوە کە ئەم هەویرە چـەندە ئـاو هەڵـدەگرێ و لێکیـان نەداوەتـەوە کـە گونـاهێکی چـەندە گـەورە ملیـان دەگـرێ و چـۆن لەبـەری دەردەچن؟.

نەیانزانیوە کە پێغەمبەری خـوا دەیزانـی بنیـادەمی دزێـویش دەسـکاری خوایە و ئەگەر کارێك لە بار و ڕێك نەهات لە کردگارەوەیە؟

لەلایەکی تریشەوە ئەگەر خوانەخواستە باوەڕ بەو درۆیـە بکـەین وای لـێ دێتەوە: ئەگەر ئەو بوغدوزە کوردە بەدبەختە لاوێکـی لـوس و پـوس و لـە بار و بەرچاو و چاونەرم و بـێ شـەرم بوایـە، دەبوایـە بـە کۆمـەڵێك نـزای باشەوە بگەڕێتەوە کوردستان؟.

حاشا کە پێغەمبەری خوا ئاکاری وا نالـەباری بووبـێ و ئـەم درۆ پـوچ و بـەربادە لـە دەمـی ئەوانـەوە زیـادە، کـە بـۆلاکی مـرداری دنیـا ڕێکیـان خستووە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە : هەر کەسـە و بـە حـەزی خـۆی وەسـفی کردووین و قسەی لە ڕەگ و ڕەچەڵەکمان کردووە و بەرژەوەنـدیی کەسـێتی خۆی و ئاسایشی میر و نەتەوەکەی خۆی لە کوێدا بووبێت لە باسـی کـورد دا بـەو دیوەیـدا داتاشـیوە و گـوێی نـەداوەتێ کـە ئەمـە بەرپرسـیارێتی مێژوویی و دیاریی کردنی چارەنووسی گەلێك و نەتەوەیەکە.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە و زۆر پێویستە خوێنەر و لێکۆڵەرەوەی کورد وریای بێت ئەوەیە: ئەو کەسانەی لەبارەی کوردەوە نووسیویانە و خۆیان کورد نەبوون (ئیتر چ وەك نووسەر و لێکۆڵەر و مێژوونووس چ وەك ئامادەکاری تێز و باسەکان) و لەوانەیە بتوانین هەندی لەو کوردانەش کە پسپۆر نەبوون و عاتیفە و سۆز پاڵی پێوە ناون لەبارەی مێژوو و داب و نەریت و ئاین و جوگرافیای گەلەکەیانەوە بنووسن و بڵێن، هەندێ جار و لە هەندێ لێکۆڵینەوەکانیاندا بە هەڵەداچوون، بە تایبەت لەم بوارانەدا:

- لە ڕیشە و ڕەچەڵەکی کورد دا.
- لە ڕیشەی زمانەکەیدا، ئایا سەربەخۆیە یان بەشێکە لە زمانێك لە زمانەکانی ناوچەکە.
- لە زمان و بەش و شێوزارەکانیدا.
- هۆی ئەم بە هەڵەدا چوونانەش دەتوانین بڵێین: زۆربەی زۆری بە نیازی خراپەوە نەبووە، بەڵکو ئەو گەڕیدە، یان ڕۆژهەڵات ناسە، یان ئەو قوتابییەی کە تەنها بۆ ئامادەکردنی باسێك و بە مەبەستێکی دیاریکراویی خۆیەوە هاتووەتە کوردستان، ڕێی کەوتۆتە ناوچەیەك لە ناوچەکانی کوردستان یان خێڵێك لە خێڵەکانی کوردستان [11] ، زۆربەی کاتیش ڕێیان لە ناوچە و خێڵە سنوریەکانی کوردستان کەوتووە و لەبەر نارەحەتی گواستنەوە و ڕێگاوبان و هۆکاری سیاسیی و ئیداریش، ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەرانە نەیان توانیوە بگەنە ناوجەرگەی کوردستان و ناوچە شاخاویی و گوندە سەختەکان، کە زۆربەی داب و نەریت و شوێنەوارە ئاینیی و ئیداریەکان لەو ناوچانەدا پارێزراون،

چوونکە نیشتگەی بنەڕەتیی کورد، چیاکان بووە و ناوەندی ئایینیی و فەرمانڕوایەتیەکانیش هەر لە ناوچە شاخاویی و هەڵەتەکاندا بووە، تا لە دەستی دوژمن پارێزراو بن و لە وەخت و ناوەختا، سوود لەو چیا و دۆڵ و نشێوانە وەربگرن، گەواهی ڕاستی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە کە زۆربەی شارەکانی ئێستای کوردستان مێژووی دروست کردنیان زۆر نزیکە و لە بەرامبەریشەوە چەندین قەڵاو پەرستگاو شوراو شوێنەواری جۆراجۆر لە گوندو ناوچە شاخاویەکاندا تا ئێستە دەبینرێن، بەڵام زۆربەی ئەو گەڕیدانە عێل و خێڵە گەڕۆکەکانیان بینیوە و تێکەڵاوی ئەوان بوون و لەوانەوە شتیان وەرگرتووەکە خێڵەکان خۆیان لەبەر گەڕیدە بوونیان زمان و داب و نەریتیان بە نەگۆڕیی نەماوەتەوە، لەبەر ئەو هۆکارانە ناکرێ بە تەواوەتی پشت بەو سەرچاوانە بە تەنها ببەسترێت و پێویستە شێوازی سوود وەرگرتن لەو نووسراوانە بە شێوازی، دانەوە دەم یەك و تەواو کردنی یەکتر سوودیان لێ وەرگرین، چونکە هەر یەکەیان و ڕێی لە هەر ناوچە و خێڵێك کەوتبێت، زۆر بە وردیی و سەرنجەوە بەدوای مێژوو و داب و نەریت و ئاین و شێوە زمان و بنەماڵەکانی ئەو خێڵ و ناوچەیەدا گەڕاون و تێبینیی جوانیان نوسیوە، بەڵام هەریەکەیان و، وێنەی دیوێك یان سوچێکی نەتەوە و خاكو مێژوو و داب و نەریتی کوردانی گرتووە و ئەوەی ئاواتی ئێستامانە ئەوەیە کە خۆزگە کوردێکی پسپۆڕ و بە هیممەت، بە دڵسۆزییەوە لێبڕایە و بە سوود وەرگرتن لەو سەرچاوە مێژوویانە و گەشتو گەڕان بە ناو سەرجەم ناوچە و خێڵ و هۆزەکانی کوردستان و بەشە سەرەکیەکانیدا، مێژوویەکی تەواو و

متمانە پێکراوی بنووسیبا و کوردی لەم قەیرانە ژیاریی و مێژووییە دەرباز کردبا  کە بۆشاییەکی گەورەیە لە جەستەی گەلێك کە لەگەڵ ئاریە ڕەسەنەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە، هەردەم نووسەر و لێکۆڵەر کە دەست دەداتە نووسین و لێدوان، لەبارەی ئەم گەلەوە ناسۆری ئەم زامە دەدات لە کەللەی و لەوانەیە لە کێش و هیممەتی کەم بکاتەوە و لە بەرامبەرەوە نەیار و ناحەزانی کوردیش هەردەم وەك کارتێکی فشار لە کۆن و نوێدا دژ بە بزاڤ و  کەسایەتیە نەتەوە پەروەرەکان  بەکاری دەهێنن و هەروەك چۆن لە ڕابردوودا چ پێش زایین چ دوای زاین و تەنانەت تا کەمێك بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلامیش مێژوو و ژیار و کەلتور و کەلەپووری گەلی کوردیان بە تالان بردووە و ئێستاش هەر کەس هەوڵی سەندنەوە و وەرگرتنەوەی ئەو مێژوو و ژیار و کەلتورە بدات  بەو کارتە، ڕوبەڕووی دەبنەوە و زۆر بێ شەرمانە قەرزار باریشی دەکەن، بەلام ئەوەی پێویستە لەم هۆنینەوە تازەیەدا ڕەچاو بکرێت ئەوەیە کە پێویستە لە هەردوو دیوی باشە و خراپەی ئەم گەلە بدوێت و ئەو هەڵەیە ببورێ کە هەندێ نووسەرانی مێژووی کورد بە تایبەتی کورد نەژادەکانیان تێی کەوتوون کە ئەویش تۆمار کردنی تەنها لایەنە چەوتەکانی میرنشینە کوردەکانە و زۆر بە کەم و دانسقە دەبینی دیمەنێکی ژیاریی و خزمەتگوزاریی و گەشە پێدانی ئەو دەسەلاتە کوردیانە تۆمارکرابێت و لە هەموو سەرچاوە مێژووییەکاندا تیشك هەر لەسەر کودەتاو کوشت و کوشتار و جەنگ و جەڵەبەکانی مێژووی کوردە و ئەمەش وای کردووە کە تاکی ڕۆشنبیری کورد،

بێئومێد بێت لە چارەسەر کردن و پێشخستنی گەلەکەی، کەچی زۆربەی زۆری گەلانی دونیا ئەو دیمەنە چەوتانە هەموویان هەبووە، ئەگەر نەشیا پۆشیبێت بێگومان ڕوو و لایەنە چاکە و جوانەکانیشیان لە گەڵدا خستونەتە ڕوو.

پێویستە بڵێین: زۆر لە مێژە کوردستان لە نووسین و ئینسکلۆپیدیاکانی جیهاندا ناوی هەیە و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە کەس مەبەستی نەبووە ئەو زانیاریی و لێکۆڵینەوانە یەك بخات و مێژووی گەلێکی خاوەن خاکی لانی کەم، بیست و پێنج ملیۆن کەس ڕوون بکاتەوە.

بۆ نموونە: ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە و مێژووزانەکان زۆر دەمێکە باسیان لە کورد کردووە، یەکەم کەس باسی لەسەر کورد کردووە (ئێگز ئنۆفۆن) و گەڕاڵ و سەرلەشکر و ڕێبەری یۆنانی کۆن کە (٤٠١) ساڵ بەر لە زاین بە سەرکردەی سوپایەکی دە هەزار کەسیی لە ئێرانەوە بەرە و یۆنان بە ناو کورددا گەڕاوەتەوە، کە بە مەبەستی بە لادا خستنی کێشەی نێوان ( ئەردەشیر) و (کۆرش) ی هەخامەنشین لە یۆنانەوە بۆ ئێران هاتبوون و لە گەڕانەوەیاندا لەبەر هەندێ هۆی سیاسی، گەلی کوردیش لە سوپا شکست خواردوەکەی (ئێگز ئۆنفۆن) هاتونەتە دەست و (١٢٠٠) جەنگاوەریا لێ کوشتوون (ئێگز ئۆنفۆن) کاتێك گەیشتەوە یۆنان بەسەرهاتی گەشتەکەی لە کتێبێکدا بەناوی (ئاناباز) نووسیەوە و بۆ یەکەم جار ناوی کورد کەوتە سەر کاغەز و باسی لێوە کرا.

دوای ( ئیگز ئنۆفۆن) (ئەسکەندەری مەکدۆنی) وەك سەر لەشکرێك لە دەوروبەری (٣٠٠) ساڵ بەر لە زاین و پاش سەرکەوتنە مەزنەکەی بەسەر ( داریوش) ی پاشای ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشین لە شەڕی (گۆگامێل) لە نزیك شاری هەولێر ( Arbell) و داگیر کردنی کوردستان.

وای کرد کە ناوی کورد و کوردستان بکەوێتە ناو بەڵگەنامە هونەریی و مێژووییەکانی ئەوروپا و سەرجی خەڵکی بۆلای ڕابکێشرێت.

دوای ئەمانەش زنجیرەی گەڕاڵەی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی بەردەوام بوون، تا ئەم دەمەش هەر لە گەشە کردندایە.

بە ئەندازەیەك کە وەك سەرژمێرییەکی خەملاندن دەری دەخات لە ماوەی نێوان سەدەی (١٤ ــ ١٦) ی زاینیدا (٤٤٩) گەڕیدە لە هەموو دنیاوە سەریان لە تورکیای عوسمانیی داوە و لەوانە (١٠٦) کەس فەرمانبەری بەرزی حکومەت و جاسوس بوونە و (٧٥) کەس قەشە و پیاوی ئایینیی و (٧٥) کەس میرزادە و شازادە و (٣٨) کەس بازرگان و نوێنەر و (٣٦) کەس بورژوا و (٢٦) کەس نووسەر و پیاوانی ئەدەب و (٣٣) کەس سەرباز و دەریاوان و جەربەزە و ئەوانی تریان کەسی ئاسایی بوونە[١٢].

پێش ئەمانەش لە سەردەمی ئومەویی و عەبباسیەکاندا زاناو لێکۆڵەرەوە و مێژوو نووسە موسوڵمانەکانیش دەستیان دایە گەڕان و نووسین و لێکۆڵینەوە لە بارەی گەلانی جیهانی ئیسلامیی و سەرزەمین بە گشتیی و یەکێك لەو گەلانە گەلی کورد بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە زانایان لە بارەیەوە نووسیویانە، بە چەشنێك کە لە ماوەی پتر لە (٤٠٠) ساڵدا

ئەم بزاڤە بەردەوام بوو لە ئاکامـدا (دار المعرفـة) ی بەغـدادیان پـڕ کـرد لـە بەڵگەنامـــە و کتێبـــی مێـــژوویی و جـــوگرافیی، نـــاوی ئـــەو گەڕیـــدە و نووسەرانەش وەك (دکتۆر پیربالّ) هێناونی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**الطـبري، ابـن فرداذنـة، ابـن رسـتة، اليعقـوبي، ابـن فقيـه الهمـداني، الاصـطخري، المسـعودي، ابـن حوقـل، ابـوعلي الفارسـي، ابـا دلـف الخزرجي، المقدسي، ابن البلخي، ابن الأثير، ابن جبير، ياقوت الحموي، القزويني، ابـن شـداد، شـيخ الربـوة، ابـو الفـداء الأيـوبي، ابـن خلـدون، فضل الله العمري، حمد الله المستوفي، ابن بطوطة**(١٣).

سەرچاوەکان

١ ـ  مێژووی کورد و کوردستان (محمد أمین زەکی بەگ).
٢ ـ  شـــــەرەفنامەی (میر شەرەفخانی بەتلیسی).
٣ ـ  مێژووی کورد و کوردستانی (محمد مەردۆخی).
٤ ـ  یاداشتەکانی  (کلۆدیۆس جیمس ریچ).
٥ ـ سەرچاوەکانی کوردناسی (د.فەرهاد پیربالّ).
٦ ـ الاکراد (باسل نکتین).
٧ ـ گۆڤاری سیاسەتی دەولی/ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی/ ژمارە (٢٩).
٨ ـ گۆڤاری مەدەنیەت / ژمارە (١) .

پەراوێزەکان :

(١) مێژووی کورد و کوردستان/ نووسینی (محمد مەردۆخی کوردستانی) ل ١٢٥.

(٢) مەگەر چەند کەسێکی دیاریی کراو نەبێت کە تووشی شکست و نائومێدیی هاتوون و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەدەست داوە.

(٣) مێژووی کورد وکوردستان (محمد مەردۆخی کوردستانی) وەرگێڕدراوی کوردی / ل٨٤.

(٤) وەك (تۆماس مۆری) دەڵێت: دەوڵەت نمونەی جێبەجێکەری بەختەوەریی خەڵك و قەلاچۆکەری ئاڵۆزیی و شەڕوشۆڕە.

پێناسەی دەوڵەت : دامەزراوێکی سیاسیی خاوەن دەسەڵاتە کە بنەما سەرەکیەکانی پێکهاتنی بریتی یە لە: (گەل، خاك، وولات) و بنەما سەرەکێکیەکانیش کە بۆ دان پێدانانی بە ڕەسمی پێویستن، بریتین لە: (یاسادانان، جی بەجێ کردن، داد). دەوڵەتیش چەند جۆرێکی هەیە: (پاشایەتیی، کۆماریی، ئاینیی، خێڵەکیی، هەرێمیی، ئیمپراتۆریی).

(٥) دەوڵەتی ماد کە (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین دامەزراوە دەوڵەتێکی کوردیی و پایتەختەکەی (ئەکپاتان) بووە بەڵام وەك سنوری نەتەوەیی تەنها فەرمانڕەوای کوردستان نەبوو، بەڵکو دەتوانرێت وەك ئیمپراتۆریەتێکی کوردیی سەیری بکرێت و فەرمانڕەوایەتی بەشێك لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوەڕاستی کردووە.

(٦) لێرەدا دەتوانین بە شانازییەوە ئاماژە بۆ شەرەفنامەی (شەرەفخانی بەتلیبسی) و (مێژووی کورد و کوردستان) ی ئەمین زەکی بەگ و

(مێــژووی کــورد و کوردســتان) ی محەمــەد مــەردۆخی  و (مێــژووی ئەردەلان) ی مەستورەی کوردستانی و... تاد. بکەین.

(٧) گۆڤاری مەدەنیەت / ژمارە (١ ).

(٨) وەك لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا لەبەر نەبوونی دەوڵـەتی نەتـەوەیی و دابـەش بـوونی کوردسـتان بەسـەر پـتر لـە چـوار دەوڵـەتی جیـاواز دا، ناتوانرێت باس لە کۆمـەڵگەی کـوردیی وەك کۆمـەڵگەیـەکی نەتـەوەیی سەربەخۆ بکرێت، بەڵکو لێرەدا ئێمە باسەکەمان  تەسك دەکەینەوە لە باشووری کوردستاندا.

(٩) شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی. کـە مامۆسـتا هـەژار موکریـانی کردویەتی بە کوردیی سۆرانیی لاپەڕە (١٠٢) پێشەکیەکەی.

(١٠) بـۆ یەکلاکردنـەوەی ئـەوە کـە ئـاخۆ کـورد لـە مادەکانـە و گەلـە ئاریەکان و لە ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوینەوە کۆچیان کردووە یاخود لـە گۆتیەکانە و هەر لەم خاکەدا بووە، سەیری بابەتی ڕەچـەڵەکی کـورد و لە کوێوە هاتوون لە کتێبی ( مێژووی کورد و کوردستان) ی مامۆستا ( محەمەد ئەمین زەکی بەگ ) بکە.

(١١) بۆ نموونە سەرنجی ئەو تێبینیانە بدە کـە لـە کتـێبی ( الاکـراد) ی (باسل نکتین) ی قونسـوڵی ڕووسـیدا نووسـراون کـە رێـی تـەنها لـەناو خێڵەکانی باکوری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان کـەوتووە، هـەروەها کتـێبی (کـورد) کـە مینۆرسـکی ڕووسـی نووسـیویەتی و لـە پـۆلێن کردنـی شێوەزارەکانی زمـانی کوردیـدا کەوتووەتـە چ هەڵەیـەکی زەقـەوە، بـە هەمان شێوە سەیری کتـێبی (ئاغـا و شـێخ و دەوڵـەت) لـە نووسـینی

(مارتن فان برۆنسن) ە و (کوردۆ) وەری گێڕاوەتە سەر کوردی، کە نووسەر وەك باسێك بۆ دکتۆراکەی ئەم بابەتی نووسیوە.

(١٢) سەرچاوەکانی کورد ناسی ل ١٤ (د.فەرهاد پیربالّ).

(١٣) هەرکەسێ مەبەستی بێت لەم بارەوە زانیاریی زیاتر وەربگرێت دەتوانێت کتێبی (سەرچاوەکانی کوردناسی) د.فەرهاد پیربالّ بخوێنێتەوە.

## وشەی گۆران*

.....................................................

* ئەم بابەتە وەك پەراوێزێك بۆ لاپەڕە (١٠) و ڕوونكردنەوەی مەسەلەیەكی جەوهەریی هێناومانە كە لە لاپەڕە (١٠) ی ئەم كتێبەدا باسی لێوە كراوە كە تێكەڵ بوونێك لە جیهانی ڕۆشنبیریی كوردیدا هەیە لە نێوان وشەی (گۆران) و وشەی ( هەورامی) دا ئومێدە ئەم پاشكۆیە خزمەتێك بەو بوارە بكات.

(گۆران) و ( كرماشان) بۆ یەكەمجار لە دەست و دەم و نوكە قەڵەمی ئەو بێگانانە كەوتە خوارەوە و بڵاوبوویەوە كە وەك ڕۆژهەڵاتناسیی (زمانناسیی و مێژوونووسیی و جوگرافیاناسیی و كۆمەڵناس و ڕەگەزپیشە و ڕەچەڵەكناسیی و... تاد). هاتوونەتە كوردستانەوە و بەكوردستاندا بۆ مەبەستی زۆر نهێنیی دەوڵەتەكەیان و دەزگاكەیان و كۆمەڵگەكەی خۆیان گەڕاون و لە ڕوانگەی مەبەستە نهێنیانەوە شتی زۆریان نووسیوە و بڵاویان كردۆتەوە.

دیارە ئەمانە ڕاستی زۆریان گوتووە و لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی نەزانینی زمان و كەم مانەوەیان لەناو خەڵك و بوونی ئەركی دیكەی سەرشانیان و لەبەر پەیوەندیی كورتیان بە خەڵكی ناوچەكانەوە، هەڵەی زۆریان كردووە، ئەم هەڵە زۆرانەشیان لە پەنای ڕاستیەكانیاندا جێگەی خۆیان گرتووە، ئەمە جگە لەو هەوڵانەی كە لە پێناو مەبەستە نهێنیەكانی خۆیاندا خستویانەتە چوارچێوەیەكی ڕاستگۆیانەوە و ئارایشتیان كردوون و بڵاویان كردوونەتەوە.

لەم ڕووەوە ئەوەی كە دەبێ بگوترێ ئەوەیە كە ڕووی لۆمە بكرێتە ئەو زمانناس و پسپۆڕە كوردانەی كە خۆیان خستۆتە ناو بەرگ و پۆشاكی ( توتی ڕاهێنراو) ەوە و بەبێ هیچ جۆرە (چەنو چۆن و بۆ) یەك، خۆیانیان و قەڵەمەكانیان تەسلیمی سەراپای تەواوی وتەكان و نووسینەكانی ئەو بێگانە ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆكانە كردووە و ناتوانن بە هیچ جۆرێك ماف بە خۆیان بدەن بۆ ئەوەی لە تەواوی وتەو نووسینەكانی ئەو بێگانانە ورد ببنەوە و ئافەرینی نووسین و وتە ڕاست و ڕەوانەكانیان بكەن و هەڵەكانیشیان دەست نیشان بكەن تاوەكو خوێنەری ئاسایی كورد لەو ڕوانە ئاگادار بكرێنەوە.

ئەمەش بۆیە چونكە ئێمە خۆمان خوێندەواری كوردین و لە واتای (ناو) و (بنكە) و (چاوگ) و (ریشە) ی زمانی كوردیی و شێوەكانی لەوان و لە یاریدەدەرەكانیان چاكتر تێدەگەین، پێش ئەوەی ئەم پێشەكی یە بەجێ بهێڵین دەبێ ئەوە ڕوون بكەینەوە كە هۆی هێنانەوەی وشەی (گۆران) لەگەڵ (كرماشان) دا و جووت كردنیان پێكەوە بۆ لە سەنگی مەحەكدانی ناسینیان لە ڕوانگەی ڕیشەناسیی و زمانناسییەوە و ئا لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە وشەی گۆران بە سەرپاكی لێكدانەوە و توێژینەوەكانیەوە لە (وێ) وە كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەكێكە لە ئاواتەكانی

بەرنامەی سیمنارەکەی گۆڤاری (ئاوێنە) و کە بە پێ ی داخوازییەکەی بەتەمایە لە ماوەیەکی داهاتوی کورتدا سازی بکات!

## بەشی یەکەم/ پێشەکییەکی پێویست:

ئێمە لەم تێکۆشانە زمانناسییەماندا مەبەستمان ئەوەیە کە بەهۆی ریشەی زمان و ئاڵ و گۆڕی دەنگ و جێگا گۆڕکێیەوە بتوانین بگەینە واتایەکی زۆر نزیك لە واتا بنەڕەتیەکە، کە کات و دەمی خۆی ئەو ناوونیشانەی پێوە نراوە و پێیەوە ناوبانگی دەرچووە و لەلایەن زۆربەی زۆری هاووڵاتیانی دەروبەرەکەیەوە دیاریی و زانراو بووە! بۆیە پێشەکیی وشەی (گۆران) بە چەند جۆرێ لە ناوچەی جۆراجۆری کوردستاندا بە ڕواڵەت و ناوەڕۆکی هەڵەی باوەوە جێگای ناشایستەی خۆیانیان گرتووە!
هەندێ لەو لێکۆڵینەوەیە یاخود لەو لێکدانەوانە بە هیچ جۆرێ و بە هیچ مەن و پێوانە و تۆژینەوەی زمانناسی ڕاستەقینەوە نانووسێرن، یاخود ناتوانن بچنە ناو کۆمەڵگەی لێکدانەوەی زانستیانەوە!
شایانی باسە زۆر لێکدانەوەیان چونەتە ناو چوار چێوەی هەڵەی باوەوەو لەلایەن زۆربەی زۆری خوێندەوارانی کوردەوە جێگیر بوونو بە زاراوەی یاخود لێکدانەوەی ڕاستەقینە لە قەڵەم دەدرێنو لە ووتەو نووسین و گفت وگۆی ڕۆژانەیان بەکاری دەهێنن و بێگومان ئەمانەش جێگەی سەرزەنشت نین ئەگەر زانیمان خوێندەواری ئاسایی زۆر لێی ناگەڕێ بەقەدەر ئەوەی کە خۆی بە پسپۆڕی زمانناسی دەزانێ و هەمیشە لە وتو وێژ و نووسینەکانیدا، وەك وتەی توتی بەکاریان دەهێنێ و دەیانڵێتەوە !! دەنگیان داوەتەوە !

# ناوەڕۆکی باسەکە

## (گۆران)

### ١ـ گۆران، وەك ( دێ ) و وەك (ناوچە):

گۆران، وەك (دێ)، دێ یەکە کەوتووەتە ناوچەی (گەهوارە) ی (گۆران) ـە وە، ناوچەی (گۆران) یش ناوچەیەکی پان و پۆڕە و بەهۆی پیرۆزیی دێی (گۆران) ەوە کە شوێنی لەدایك بوونی نوێکەرەوەی ئایینی (پارسان)، (شاە موبارەك) یاخود(شاە خۆشێن) ە، بۆیەشە ناوچەکە بەو ناوەوە ناوی نراوە.

بۆمان هەیە مەرز یاخود سنوری ناوچەی (گۆران) بەم جۆرە دیاریی بکەین، بەوەی کە دەکەوێتە نێوان دووڕیانێکەوە کە هەردوکیان لە شاری (کرماشان) ەوە دەست پێ دەکەن یەکێکیان لە کرماشانەوە دەست پی دەکات و بە شاری ئیسلام ئاباددا تێ دەپەڕێ و تاوەکو دەگاتە قەسری شیرین و خانەقین، ئەگەر چی ئەم ڕێگەیە بە تەواوی وەك مەرز، مەرزی ناوچەی گۆرانی نەگرتۆتەوە! ئەوەی دیکەیان هەر لە (کرماشان) ەوە دەست پی دەکات و بە (ڕوانسەر و جوانڕۆ) دا تێ دەپەڕێت، تا دەگاتە هەڵەبجەی ئەمرۆ و سەرسیروان.

بە شێوەیەکی کورت، ناوچەی گۆران لە سەرەتادا، ناوچەکانی (گەهوارە) و (ڕێژاو) و (داڵەهۆ) و (سەرپێڵ زەهاو) و (زەهاوبەرە) و هەندێ ناوچەی دەوروبەریان دەگرێتەوە.

بەم پێیە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ناوچەی گۆرانی ئەمڕۆ زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری کرماشان دەگرنەوە.

کەوابوو هەر لەبەر ئەوەی (شاه مبارك) نوێکەرەوەی دووەمی ئایینی (پارسان) کە لە دێی (گۆران) لە ناوچە ( گەهوارە)، هاتووەتە دنیاوە، هەروەها دەگوترێ ئەویش خۆی (گەورە و،ئاغاو، ڕابەر و، سان) ی (پارسان) یەکانە، سەرپاکی ناوچەکە ئەو ناوی گۆرانەی هەڵگرتووە و پێیەوە ناوبانگی دەرکردووە!

بۆیە لەو ڕۆژەوە ئەو ناوچەیە بە ناوچەی (گۆران) ەوە دەناسرێت و ناو دەبرێت، خەڵکەکەشی بە ناوی تایفەی (گۆران) ناودەبرێن.

## ٢ ـ گۆران وەك مەرکەزی ئایینی و بۆ ماوەیەکیش هی ئایینی و دنیاییش:

کاتێ کە (شاه موکبارەك) هەروەك گوتمان وەك نوێ کەرەوەی دووەمی دینی (پارسان)، لە ناوچەی گۆراندا سەر دەردێنێ دەستتور و داب و نەریتی دینەکەی بە شێوەی کوردیی، ئەدەبی دینی تۆمار دەکات، ئەو شێوە کوردییەش کە شێوە کوردیی ناوچەی هەورامان بووە، چونکە زمانی دایکی خۆی بەو جۆرە بووە و یارەکانیشی و پەیڕەوەکانیشی بەو شێوە زمانە، یان زمانی گەورە، زمانی (سان) زمانی شاه مبارەك گوتووە.

شایانی باسە کە ئەم ناوچەیە لە دەمێك و کاتێك و چەرخێکی تایبەتیدا بووە بە مەرکەزی دینی و هی دونیایی سەرپاکی ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عێراقیش بە تایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حەسنەوییەکاندا کە مەرکەزی دەوڵەتیان شاری دینەوەر بووە و مەرکەزە دینی و

دنیاکەییەش زۆرتر پانوپۆڕ و بەرفراوانتر بووە، بە شێویەکی تایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میر بەدری حەسنەوەیدا کە ناوچەی شارەزوور مەرکەزێکی دینی و هی دنیایی زۆر بەهێز بووە و لە سەر و کلاّویاندا شارستانیەتێکی بەرفراوان و ئاوەدانییەکی شوێنەواردیار بەرپا کراوە، بۆ وێنە بە چەندان پردیان بەسەر ڕووبارەکانی سیمەرە و سیروان و هی دیکەش بەستووە.

حالّی حازر یاخود تاوەکو ئەمڕۆش شوێنەواری شارستانیەتی ئەوان بۆ ئێمە بەجێ ماوە و مێژووناسان و جوگرافیاناسان و نووسەری دیکەش هەمیشە بەو بۆنەوە دەست بۆ ئەو شوێنەوارانە و ئەو شارستانیەتە بە سنگەوە دەگرن.

بۆ وێنە (پردەوکناچان) و ( پردەو کوڕان) بەم شێوەیەی کە لێرەدا نووسراوە، واتە: بەم شێوەیەی کە ناوچەی هەورامان دەناسرێ و ناوی ئەو پردانە لەو کات و دەمەدا ناونراون و ناوبراون.

یەکێ لەو پردانە کە بەناوی (پردەوکناچان) ەوەیە و کەوتووەتە سەر ڕووباری (سەیمەرە) و حالّی حازر بە ناوی (پل دختر) ەوە ناو دەبرێ کە ناوێکی فارسییە.

بەلاّم (کناچان) و (پردەوکوڕان) ی سەر سیروان کە کەوتوونەتە ناوچەی هەڵەبجەو دەربەندی خانەوە حالّی حازر بوون بە ژێر ئاوی حەوزی دەربەندەوە.

شایانی باسە ئەم ناوچەی گۆرانە وەك مەرکەزی دینی پارسان و هی دونیایی لە سەردەمی نوێکەرەوەی دینی پارسان شێخ ئیسحاق (سان

ئیسحاق) دا دیسان پەرەی سەندەوە چونکە لە سەردەمی (سان ئیسحاق) دا دینی پارسان هەروەك نوێ کرایەوە دەفتەرە دینیەکانیش، سەر لەنوێ نوێ کراوەتەوە و هی دیکەشیان خراوەتە سەرو دەفتەری جۆراجۆری وەك دەفتەری پەردیوەری و دەفتەری دیوانە گەورە و... هی دیکە بە شێوەزمانەکەی (شاە موبارەك) و هی (سان ئیسحاق) هەموو باو و برەوێکی دینی و دەستور و فەرمانێکی دینی جێ بەجێ دەکران و دەکرێن. لەم دەمەی سان ئیسحاق دا و بەرەو دواتر ڕابەری دینی پارسان بەرەو ئازربایجان و ئەرمەنستان و بەرەو ژورووی عێراق و بەرەو تورکیا چوون و زۆر نەبێ کەم توانیان جێ پێی خۆیان بکەنەوە.

## ٣ـ (گۆران) وەك شێوە زمانێ:

شێوە زمانی دایکانەی (شاە موبارەك) دووەم نوێکەرەوەی دینی پارسان و زمانی دایکزای سان ئیسحاق، سێیەم نوێکەرەوەی دینی پارسان هەر ئەو شێوە زمانە دینیەی کۆن بووە کە حاڵی حازر بە (ماچۆ) یان (ئاریان واچ) یان (هەورامان) ی پێ دەوترێ.

ئەمە لەلایەکەوە لە لایەکی دیکەوە یارسانەکان بە (مەولا) یاخود بەو شاە موبارەك (شاە خۆشین ) یان (گەورە) گوتووە کە لە زمانی عەرەبیدا (سید) ی پێ دەگوترێ.

وشەی (سید) یش لە عەرەبی دا ولە بنەڕەتدا بەو کەسە دەگوترێ کە گەورەی هۆز یان گەورەی دینە یان لە نەوەی پێغەمبەر و عەلیە.

کەوابوو واتای وشەی (گەورە) و (سید) لە ڕوویەکەوە یەك دەگرنەوە، ئەوەی لێرەدا دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە: کۆمەڵەی پارسانیەکان دەکرێن بە

چەند بەشێکەوە و پێشەنگی هەموویان (گەورە) یاخود (سید) یاخود (ئاغا) کانیان و بەم پێیە (مەولا) و (شاە موبارەك) و (سان ئیسحاق) و (گەورە) و (سید) و (ئاغا) ی پارسانیانە و زمانەکەشیان زمانی گەورەکانیانە و ئەوەش کە دەچێتە ژێر ئالآی دینی پارسان، تایفەی دینی (گۆران) یان پێ دەگوترێ.

وەها ڕێك دەکەوێ کە هەندێ ڕۆژهەلآتناس بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی زەهاوبەرەوە دێنە ناوەوە و بەتایبەتیی بۆ ناوچەی گۆران، ئەوانیش بەبێ ووردبوونەوە لە بنەڕەتی وتنەکە، یەکسەرە زمانەکە دەبەنە ڕیزی ناوێکی نوێی هەڵەوە و وەك شێوە زمانی گۆران لە قەڵەمی دەدەن و ئەگەر چی خۆشیان ناوبەناو یادی ئەوە دەکەنەوە کە پارسانیەکان خۆیان ئەو شێوە زمانە بە شێوە زمانی کوردیی ناو دەبەن و وەها لە دەفتەرەکانیانا تۆماریان کردووە.

ئەم هەڵە باوە لەلایەن (ئۆسکارمان) و (مینۆرسکی) و (کەمال فوئاد) ەوە دەگوترێتەوە و لە ناو کۆمەڵێك کۆلکە خوێندەواری کوردیشدا وەك گوتەی تووتی بەر گوێ دەکەوێ.

## ٤ ـ وشەی (گۆران) وەك وێنەی کوفر (کُفر):

لەو ڕۆژەوە کە لە جەنگی قادسیەدا ئیسلام بەسەر دەوڵەتی ساسانی سەرکەوت و لەشکری ئیسلام کەوتە دووی لەشکری ساسانیەکان و ناوچەو ناوچە و شارە و شار ڕاوی دەنا، لەو ڕۆژەوە خەڵکەکە بە کۆمەڵ بە زۆر بێ یاخود خواست و ئارەزوو دەچوە ژێر ئالآی ئیسلامەوە.

یان هەر عەشیرەت و تیرەیەك ئەگەر نەچوایەتە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە ئەوان بە ئەهلی (کفر) ناو دەبران و سەراوژێر دەکران و بە شێوەیەکی ڕوونتر بە نائیسلام، یان، ئەهلی (کفر) یان پێدەگوتن.

کەوابوو ئەهلی (کفر) بەو خەڵکە گوتراوە کە ئیسلام نەبوون و ئایا ئەوانەش زەردەشتی بووبن یاخود داسنەیی یاخود پارسانی.

ئەم وشەی (کفر) ە، بەرەو کوردیی بەرگی بۆ دووراوە و پیایدا کراوە تاوەکە بەرەو (گەبر) یاخود (گەور) ڕۆیشتووەو واتا (کفر۔ گبرت ۔ گەبر ۔ ی فارسی)، (کفر) ۔ گەور۔ ی کوردیی ئەوجا ئەم وشەیە لەناو کوردەواریدا و بە پێی ناوچە ، ئەم ڕواڵەتانەی وەرگرتووە و بەم واتایانە دێ و بەکار دەهێنرێ.

ئەوجا لە وشەی (گەور) (گاور) دروست کراوەو ئەم وشەیەش لە ناوچەکانی سلێمانی دا بە واتای نا ئیسلام هاتووە و دێو بە شێوەیەکی تایبەت بۆ دەست نیشان کردنی دینی مەسیحیەت بەکار دێ و بەم بۆنەیەوە دەبێ ئەوە بهێنینەوە یاد کە گەڕەکێکی زۆر گەورەی سلێمانی بەناوی گەڕەکی (گاوران) ەوەیە، چونکە زۆربەی زۆری نیشتەجێیەکانی لەسەر دینی مەسیحیەتن.

کەواتە وشەی (گەور) یان وشەی (گاور) بۆ بەدەستەوەدانی وشەی نائیسلام لە ناوچەکانی شارەزوور و سلێمانی دا بەکار دەهێنرێت.

لە ناوچەکانی خانەقین و کرماشان و لۆڕستان دا وشەی (گەبر) یان (گاور) بۆ بەدەستەوەدانی وشەی نائیسلامی زەردەشتی بەکاردێ، لەم ڕووەوە ( د.ئیبراهیم پیرداودی ڕەحمەتی) لە پێشەکی فەرهەنگی بهدینان دا

زۆر بە ڕۆشنی و بە شێوەیەکی زانستیانە لە وشەکانی (گەبر) و (گەور) و (گاور) دواوە و منیش بەش بە حاڵی خۆم پاڵپشتی ئەو لێکدانەوەیەی ئەوم.

بە هەر حاڵ (گەور) یاخود (گاور) بە واتایەکی گشتیی بەرچاو دەکەوێ و وەك ڕوونە لێرەدا کێشەکە ڕوبەڕووی دین دەبێتەوە و بۆ (کەسێك) و بۆ کۆمەڵێك وەك زاراوە بەکار دێ و بۆشمان هەیە بە پاشبەندی (ان - an) کۆی بکەینەوەو بڵێین (گۆران-Goran) یاخود (گەوران – Gawran ).

لەم روەوە وشەی (گەور) یاخود (گۆر) وەك وشەیەك بەکار بهێنرێ لەناو خەڵکان و مەردمی ئاساییدا وا دەگوترێ: ئەڵێی گەوری (سەرکوان) یان (کێوانیان) بە گیرهێناوە.

## ٥ ـ وشەی (گۆران) لە ڕووی شارستانیەتەوە:

مامۆستا علادین سەجادی (خوا لێ خۆش بوو) لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا وەهای لە قەڵەم داوە کە وشەی (گۆران) بە واتای، کوردی (نیشتەجێ) هاتووە و دارێژراوە و بەرامبەری ئەویش (کوردی جاف) ە کە بە واتای کوردی (کۆچەر) لە قەڵەم دەدرێن.

مامۆستا سەجادی لەو لێکدوانەوەیدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەو کوردانەی خەریکی دانانی باخ و باخاتن و کشاوەرزیی و (کشتوکاڵ) ن هەوڵیان داوە لە چەم و دۆڵێکی ئاوداردا لە بناری کۆمەڵە شاخێك خانووماڵیان یەك بە تەنیشت یەکەوە و بەسەر یەکەوە کردۆتەوە هەرگیز بە زۆریش نایانەوێ ئەو جێگایانەی خۆیان بەجێ بهێڵن و زۆربەی زۆریشیان مەڕ و ماڵات و حەیواناتی بەرزە و وردەیان هەیە و بۆیە

نایانەوێ بەدوای لەوەڕ و لەوەڕگاداو بە دوای ژیانی گەلـە و گۆسـفەند و مەڕومالاّتدا بگەڕێن و کۆچەربن. ئەمە بە تەواوی بە پێچەوانەی کوردی جافەوەن کـە هەمیشـە دالاّو دوالاّو عـەودالّی لـەوەڕ و لەوەڕگـەن و بـە بـەروبووم و بەرهـەمی مەڕومالاّتـەکانیان و لـە نـاو خـانووی ڕەشمـالّ و دەواردا و هەر ڕۆژێ لە جێگاییێ، لە شوێنێ دەژین.

مامۆستا سەجادی ڕۆشنی نەکردۆتەوە کـە چـۆن بـۆ ئـەم لێکدانەوەیـە چووە، بەلاّم من بەش بە حالّی خۆم وەهای بۆ دەچم کە وشە (گۆران) لـە وشەی (گەوار) یان ( گەهوار) ی فارسی یەوە هاتبێ.

بە هەر حتالّ هەرچی و چـۆنێ بـێ وشـەی (گـەوار) بریتـی یـە لـە دوو بەشی سەرەکی ئەوانیش:

ـ (گە ـ وار) ن.

ـ بەشی (گە) یاخود (گا) بە واتای جێگای ئەمڕۆ هاتووە و لـەم ڕووەوە لە شێوەی کوردیی جۆراجۆردا بەکار دێت و بەکار دەهێنرێت. بۆنموونـە: تاڤگە، هەوارگە، ئاساوگە ( ئاسیاوگە).

ـ بەشی (وار) یش بە چەند واتایەك دێ، بە واتای (ڕەنـگ)، (شـوێن)، (خاوەن)، (جێ) و (پاشماوە) ش دێ.

بۆ وێنە دەگوترێ:

ـ ئەو سەرپوارە، یاخود ئـەو سـوور وامـە، یـاخود ئـەو سـوورە ڕەنگـە، وشەی(وار) یاخود بنکەی (وار) وەك پاش بەنـدێ، لـە کـوردیی ئـەمڕۆدا بـە پاشـکۆی (شـوێن) ەوە نووسـراوە و پێکـەوە بەهەردووکیانـەوە (شوێنەوار) یان پێکهێناوە، بە واتای (ئاسەوار) ی فارسی هاتووە.

ئالێرەدا (شوێنەوار) ی کوردیی دوو بەشن هەردووکیان هاو واتای یەکترین و لە کوردیدا وێنەی وەهای زۆرمان هەن و بۆ وێنە وەك: (شین و سەوز) و (سوور و کەوە) و (سیاو سوخت) و... تاد.

بەم بۆچوونەی سەرەو بۆمان هەیە بلێین کە (گەوار) پێهاتووە لە دوو پارچەی هاو واتاو بە هۆی پاشبەندی (ە) ی ناویی یەوە (کە زۆربەی وەخت ناوێکی نوێ لە ناوێ یان لە ئاوەڵناوێ دروست دەکات) کە هاتووەتە پاشکۆیەوە و بووە بە (گەوارن) کە ناوێکی نوێ یە و بە واتای (لانك ـ بێشکە ـ لەلوو ـ جۆلانە... تاد) هاتووە.

ئەوجا، (گەواران) یاخود (گەوران) ـ (پاش ئەوەی دەنگێکی لێ ساوەو بەرەو ئاسانی چووە ئەوەش ڕێڕەوی زمانی کوردی و هەر زمانێکی دیکەی ئاریایی یە) کۆیەتیو بە واتایەکی نوێ وە و ڕواڵەتێکی نوێوە هاتۆتە مەیدانی ڕۆژانەی ژیانەوە.

## ٦ـ ووشەی (گەورە و گۆرە و گۆران و گەوران) لە ڕووی زمانناسیەوە:

ـ ووشەی گەورە ئاوەڵناوە و لە شێوەی ئەدەبی ئەمڕۆدا بە زۆری بەکار دەهێنرێ، بەڵام لە شێوەی کرمانجی ژووروودا بوە بە (مەزن) و لە شێوەی ناوچەی هەوراماندا بوە بە (گۆرە).

بەم پێیە لە شێوەی ناوچەی هەوراماندا دەنگە بزوێنێکی لێ قرتاوەو ئەمەش لە هیچ لایەکیان کەم و زیاد لە ڕووی واتاوە ناکات بەڵام لە ڕووی دەنگ سازی یەوە جیاوازی کەمی و زۆری دەنگ (ژمارەی دەنگ) دەرکەوتووە، لە ڕووی کۆکردنەوەیانەوە (گەورە و گۆرە) هەر

پاشبەندێکی (کۆ) کە (ان)ە وەر دەگرن و بەم جۆرەیان لیٚ دێ: (گەوران) و (گۆران).

ئەگەر (گۆرە) ی ناوچەی هەورامان ببێ بە (گەورە) ی شێوەی ئەدەبی و کۆی یەکەومیشیان (گۆران) بێ و کۆی دووەمیش (گەوران) بێ ئەو کاتە بۆمان هەیە بلێین کە: (گەوران و گۆران) واتە: هاوواتان و هەندێ جاریش بە هەردووکیانەوە پتر لە سێ واتا دەدەن، هەروەها بۆمان هەیە بێژین کە (گۆران) ی شێوە ناوچەی هەورامان سێ واتای سەرەکی (بەو پێیەی کە لەمەوبەرتر لێکمان دایەوە) دەبەخشێ بەڵام وشەی (گەوران) ی ئەدەبی، یەك واتای سەرەکی بە دەستەوە دەدات، بێگومان ئەمەش جۆرە بۆچوونێکە کە تەنانەت سەر لە زمانناسی کوردیش دەشێوێنێ هەروەك سەری لە (کمال فوئاد) ی دکتۆر شێواندووە و ئەوجا نەخوازەڵا بێگانەیەکی ڕۆژهەڵاتناسی کە بە برسی دەیەوێ بگاتە ئاواتی خۆی دەبێ چی بکات و چی بڵێ.

شایانی باسە وشەی (گۆران) ی ناوچەی هەورامان بەو شێوەی کە بە واتای نائیسلام هاتووە دەنگی ناو (ـ ی) ی نیسبەت، وەك پاش بەندێك خراوەتە پاشکۆی و تا واتای (ئاواز ـ ساز ـ ستران) بە دەستەوە بدات و بەو جۆرەش وشەی (گۆرانی) لیٚ دەرچوو، بە سیاوچەمانە جۆربەجۆرەکانی خەڵکی هەورامان کە لە ڕواڵەت و چوارچێوەی سروودی دینی زەردەشتی دانراون و حاڵی حازریش ئەو ناوە دەوترێت و دەوترێتەوە و لە ناو چوارچێوی واتا بنەڕەتیەکەی خۆیدا کە (کەفرانی)= (گەورانی) و (گۆرانی) یە چووە دەرەوە و ڕواڵەت و واتای ئەمڕۆی

وەرگرتووە. ئەوی لێرەدا و لەم کۆتاییەدا دەبێ بوترێ ئەوەیە کە ئەم جۆرە باسانە بە سۆن و ئەگەریش خوانەخاسە بەرەو نەزانین و ڕێ ون کردن و سەر لێ شێواندن بڕۆن بێگومان دەبنە هۆی کولاندنەوەی زامی ساڕێژ نەبووی ناسۆرداری کوردی کە چەندان ساڵە تیرەکان و هۆزەکان و عەشاییرەتە جۆر بەجۆرەکان پێ یەوە دەناڵێنن، بۆیە پشکنەر لەو ڕوەوە دەبێ زۆر بە ئاگا بێ و دوور بکەوێتەوە لە وتەی تووتی ڕەنگ و خۆی توانای پشکنینی ڕاست و ڕەوان بۆ خۆی بڕوێنی، چونکە بەهۆیەوە و بەهۆی پشکنینی زانستیانەوە، زامی کورد نەبوونی ڕووی هەندێ هۆز و تیرە و عەشیرەت ساڕێژ دەبێ و بە هۆیەوە، پشتوێنی یەکێتییان بە توند و تۆڵی دەبەسترێ.

## ئەنجامی ئەم بۆچوونانە!

لەو شەش خاڵەی سەرەوە وەهامان بۆ دەرکەوت کە وشەی (گۆران)، بۆ ئەم واتایانەو بۆ ئەم مەبەستانە بەکار هاتووە:

**یەکەم:** وشەی (گۆران)، بەواتای کۆی (گەورە) کە (گەوران) ە هاتووە.

**دووەم:** وشەی (گۆران) بە واتای نا ئیسلام (گەبر ـــ گەبران ـــ گەوران) هاتووە.

**سێیەم:** بە واتای (نیشتەجێ ـ گۆران) هاتووە.

**چوارەم:** بە واتای تایەفەی دینی هاتووە، ئەمەش ئەوانە دەگرێتەوە کە چوونەتە ژێر ئالآی دینی (پارسان) ەوە بەلآم بە واتای شێوەزمان، واتا شێوەزمانی (گۆران) ە، یان زمانی (گۆران) کە لەم دواییەدا لەلایەن ئەم بێگانانەوە بۆ یەکەم جار چوونە ناوچەی (گۆران) ەوە ناوی زمانە دینیەکەیان ناوبردو تۆماریان کردو ئەوانەی دوای ئەوانیش ئەو هەڵەیەیان دووپات کردەوەو لەلایەن هەندێ کوردیشەوە وەك هەڵەی باو دەوترێت و دەوترێتەوە.

کەوابوو وشەی (گۆران) بۆ ناوی شێوە زمانێ یان زمانێ دوورە لە ڕاستی بنەڕەتییەوە جگە لە هەڵەی باو هیچی دیکەی پێ ناوترێ و هیچ جۆرە پشکنینێك وەك زمان، نایخاتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی یەوە.

تێبینی :

١ـ کەمێك لەم بابەتە لە کۆتاییەوە نەم هێناوە لەبەر ئەوەی هەم بە جیا نووسەر بڵاوی کردوەتەوە و هەم زۆریش بە پێویست نەزانرا چونکە مەبەستەکە دراوە بەدەست خوێنەرەوە.

٢ـ لە چەند جێگایەکدا یەك دوو پەرەگراف هەڵگیراوە کە بوونیان لە ناو بابەتەکەدا نامۆ بوو، پەیوەندیان بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە نەبوو، مەبەستی نووسەریش ڕوون نییە لە هێنانیاندا، بۆیە منیش ئەو حاڵەتەم دووبارە نەکردەوە.